# گرژییەكانی ڕوسیا _ ئۆكراین و وەرچەخانی بۆ جەنگ: زەمینە، هۆكار و دەرئەنجامەكان

ID No. 1419

(PP 127 - 151)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.35.7


| م.ی. محمد احمد مجيد | پ. د. صالح عمر عیسى |
|---|---|
| كۆلێژی زانستە سیاسییەكان \ زانكۆی صلاح‌الدین – هەولێر | كۆلێژی زانستە سیاسییەكان \ زانكۆی صلاح‌الدین – هەولێر |
| Mohammed.majeed1@su.edu.krd | salih.issa@su.edu.krd |


وەرگـــــرتن : 2023/07/22

پەسندكردن : 2023/09/5

بڵاوكردنەوە : 2023/ 12/ 01

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لێكۆڵینەوە لە جەنگی ئۆكراین دەكات وەك دیارترین و كاریگەرترین ڕووداوی سەدەی بیست و یەك كە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ڕوویداوە. هەڵبەت، پاراستنی ڕووسنەژادەكانی هەرێمی دۆنباس، چەكداماڵینی ئۆكراین و لە نازیخستنی (Denazification) ڕژێمی كییڤ لە دیارترین ئامانجەكانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەتی ڕوسیا بوون كە لە 24 شوباتی 2022 ڕاگەیەندرا و پێشبینی دەكرا لە ماوەیەكی كاتی كورتدا كۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا جەنگی ئۆكراین ڕەهەندێكی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و جیهانی دابەشكردووە بەسەر دەوڵەتانی دۆست، دوژمن و بێلایەن، ئەوەش وایكردووە چاوەڕوانییەكان بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتن و كۆتایهێنان بە پێكدادانەكان سەخت و دژوار بێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە پەیوەندی مێژووی ڕوسیا و ئۆكراین، هەروەها گرژبوونی پەیوەندییەكانیان و وەرچەرخانی قەیرانەكان بۆ جەنگ، بكۆڵدرێتەوە.

**وشە سەرەكییەكان:**

جەنگی ئۆكراین، ڕوسیا، ڤلادیمیر پوتین، ناتۆ، كریمیا، دۆنباس.

**پێشەكی :**

هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت بە یەكێك لە كاریگەرترین ڕووداوە جیوپۆلەتیكییەكانی سەدەی بیست دادەنرێت، كە بووە هۆی كۆتاییهاتنی جەنگی سارد و شێوەگرتنی سیستەمی نوێی جیهانی (تاكجەمسەری). فیدراسیۆنی ڕوسیا وەك میراتگری یەكێتی سۆڤیەت لە دەیەی كۆتایی سەدەی بیست ڕووبەڕووی كۆمەڵێك ئاڵنگاری بوونیادی بوویەوە، لەوانە داڕشتنەوەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی جیابووەوەی یەكێتی سۆڤیەت لەسەر بنەمای دامەزراندنی یەكێتییەكی نوێ و پاراستنی هەژموونی لە ناوچەی ئۆراسیا، لە كاتێكدا بەشێك لەو دەوڵەتانە هەوڵی نزیكبوونەوە و ئەندامێتیان دەدا لە دامەزراوە سیاسی، ئابووری و سەربازییەكانی ڕۆژئاوا بەتایبەت یەكێتی ئەوروپا و ناتۆ، لەوانەش ئۆكراین.

شایەتی ئاماژە پێکردنە، ئۆکراین بە خاکی یەکگرتنی هۆزە سلاڤییە ڕۆژهەڵاتییەکان و دەرکەوتنی دەسەڵاتدارێتی و شارستانییەتی ڕوسەکان دادەنرێت. لەبەرئەوە، ئەو وڵاتە تەنیا نەك تەنیا لە ڕووی جیوپۆلەتیکی بەڵکو لە ڕووی مێژوویی و شووناسی نەتەوەیی گرنگییەکی ئێجگار بوونیادی بۆ ڕوسیا هەیە.
دوابەدوای سەربەخۆیی ئۆکراین لە ساڵی 1991، بابەتی خاك و نیمچە دوورگەی کریمیا، پرسی چەکە ئەتۆمیەکانی سۆڤیەت لە ئۆکراین، دابەشکردنی کەشتییە جەنگییەکانی دەریای ڕەش و بوونی هێزەکانی ڕوسیا لە بەندەری سیڤاستۆپۆل گرنگترین خاڵی ناکۆکی و گفتوگۆی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوون. لە دوای شۆڕشی پرتەقاڵی لە ساڵی 2004 ناکۆکییەکان چوونە قۆناغێکی نوێ، ئەگەرچی هاتنەسەر دەسەڵاتی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ (وەك سەرۆکی دەوڵەت) لە ساڵی 2010 پەیوەندییەکانی ئاسایی کردەوە، بەڵام نارەزایەتییەکانی یۆرۆمەیدان لە کۆتاییەکانی 2013 و دوورخستنەوەی یانۆکۆڤیچ لە شوباتی 2014 بووە هۆکاری سەرهەڵدانی دژە نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی زۆرینە سلاڤی ئۆکراین و دروستبوونی شەڕی چەکداری نێوان حکومەتی نوێ و بزوتنەوەی جوداخوازی هەرێمی دۆنباس. ناکۆکییەکان بەردەوام بوون تاوەکو هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراین لە شوباتی 2022 کاتێك ڤلادیمیر پوتین بڕیاری ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەتیدا بە ئامانجی پاراستنی ڕۆسنەژادەکانی دۆنباس لە کۆمەڵکوژی، چەکداماڵینی ئۆکراین و لەنازیخستنی ئەو وڵاتە. ئەم توێژینەوەیە، بەشێوەیەکی تایبەت، بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ساڵی 2014، بنکۆڵی جەنگی ئۆکراین دەکات؛ زەمینە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەخاتەڕوو.

گرنگی توێژینەوە لە ئەوە دایە کە جەنگی ئۆکراین بە ڕووداوێکی گرنگی جیۆپۆلەتیکی دادەنرێت و لێکەوتەکانی لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی بەدەرکەوتوون، بۆیە توێژینەوە لەم بابەتە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداو و وەرچەرخانە ڕیشەییانەی کە ئەمڕۆ لە سیستەمی نێودەوڵەتی شێوەی خۆیان دەگرن. لە ئێستادا جیهان بەرەو دوو بلۆك دابەش دەبێت، وڵاتانی پێداچوونەوەخواز (Revisionist state) بەرامبەر بە وڵاتانی پارێزگار لە دۆخی باو ( Status quo state)، ئەم بەرەبەندییە لە جەنگی ئۆکراین بە ڕوونی بە دەرکەوتوون، کە دەکرێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان و هەڵوێستی هێزەکان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زیاتر ڕوون بنەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و ئۆکراینـە بەتایبەت دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت. هەڵبەت، شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی قەیران و جەنگی ئۆکراین ئامانجی سەرەکی توێژینەوەیە ئەویش بە تیشك خستنەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی ئۆکراین و ئەو گۆڕانکارییانەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەها ئاماژە بە گرنگی ئۆکراین و هۆکارەکانی دەستێوەردانی ڕوسیا دەکرێت، لە کۆتایشدا سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بەرامبەر بە ئۆکراین لە چەند ئاستێکدا دەخرێتەڕوو.

ئەم توێژینەوە چەند پرسیارێك لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگی ئۆکراین چین؟ ئۆکراین و هەرێمی دۆنباس چی گرنگییەکی بۆ ڕوسیا هەیە؟ پاڵنەرەکانی دەستێوەردانی ڕوسیا لە قەیرانی ئۆکراین و ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەت کامانەن؟ دەرئەنجام و لێکەوتە نزیك مەوداکانی جەنگی ئۆکراین، خۆیان لە چیدا دەبیننەوە؟

گریمانەی توێژینەوە ئەوە دەخاتەڕوو؛ تاوەکو هەوڵ و کۆششی دەوڵەتێك لە پێناو دابینکردنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی، لای دەوڵەتێکی تر، بە هەڕەشە و مەترسی هەژمار بکرێت؛ ئەوا ئەگەری ناکۆکی، ململانێ و وەرچەرخانیان بۆ جەنگ زیاتر دەبێت. هەوڵەکانی ئۆکراین بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و بوون بە ئەندام تێیدا، دەکرێت بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری جیۆپۆلەتیکی، ئاسایشی، مێژوویی، نەتەوەیی و ناسنامەیی، وەك مەترسییەك لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ڕوسیا لە قەڵەم بدرێت. لەو پێوەدانگەوە،

**لەشکرکێشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراین، وەك هەوڵێك بۆ بنبڕکردنی هەڕەشە ئاسایشییەکان و پاراستنی ڕوسنەژادەکانی هەرێمی دۆنباس؛ هەروەها پارێزگارێکردن لە هەژموونی هەرێمی (ئۆراسیایی)، گریمانە دەکرێت.**

**ئەم توێژینەوە بۆ خستنەڕووی پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئۆکراین، هەروەها شرۆڤەکردنی جەنگی ئۆکراین میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative) بەکاردەهێنێت. لەو چوارچێوەدا، بۆ شرۆڤەکردنی زانیارییەکان پشت بە ڕێبازی وەسفی_شیکاری بەستراوە. هەروەها، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان پەنابراوەتەبەر سەرچاوەی کتێب و ئەلیکترۆنی_ئینتەرنێت.**
**پەیکەری توێژینەوەیە پێکدێت لە پێنج باسی سەرەکی، ئەوانیش: مێژووی هاوبەشی ڕوسیا - ئۆکراین و ناکۆکییە بنەڕەتییەکان، گرنگی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ڕوسیا لە ئۆکراین، بەرپابوونی جەنگی ئۆکراین و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، دەستێوەردانی سەربازی و لکاندنی کریمیا بە خاکی ڕوسیا، هەروەها تیشك خراوەتەسەر سیاسەتی ڕوسیا لە بەڕێوەبردنی قەیران - جەنگی ئۆکراین. هەر یەك لەم باسانە چەند داواکارییەك لە خۆ دەگرێت و هەوڵدراوە شرۆڤەیەکی زانستیانەی بابەت و ڕووداوەکان بکات؛ لە کۆتایشدا، ئەو دەرئەنجامانە خراونەتەڕوو کە لە میانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین.**

**1. مێژووی هاوبەشی ڕوسیا - ئۆکراین و ناکۆکییە بنەڕەتییەکانیان**
**ڕوس و ئۆکرانییەکان مێژوویەکی هاوبەش و دێرینەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ڕیشەی دەسەڵاتدارێتی سلاڤە ڕۆژهەڵاتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ حوکمڕانیان لە کیێڤ و ناوچەکانی دەوروبەری. هەر دوو دەوڵەت دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ڕووبەڕووی داکەوتێکی نوێ و لێکترازانی سیاسی قووڵ بوونەوە، کە لەم باسەدا ئاماژەیان پێدەکرێت.**

**1.1. ڕیشەی مێژووی ئۆکراین و ڕەوتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا**
**ڕوسیا و ئۆکراین پەیوەندییەکی مێژوویی، سیاسی، ئابووری، ئیتنیکی، زمانی، کولتووری و ئاینی توند و تێکهەڵکێشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. جێی ئاماژەیە، لە بنەڕەتدا ڕوسەکان لە دەوروبەری شاری کیێڤ و ڕووباری دنیپەر (Dnieper River) نیشتەجێبوون. ئەوان وەك کۆمەڵەیەکی پەرشوبڵاو کە لە خێڵە سلاڤییەکان پێکهاتبوون و بە کیێڤان ڕووس (Kievan Rus) دەناسێندران، لە ئۆکراینی ئێستا گیرسابوونەوە. هەڵبەت، بەهۆی هێرشی بەردەوامی مەغۆلەکان لە باشوور و خۆرهەڵاتی ناوچەی دەسەڵاتدارێتیان، ناچاربوون لە سەدەی نۆیەمر بەرەو باکووری خۆرهەڵات بەتایبەت مۆسکۆ و دەوروبەری کۆچ بکەن. بۆیە، کیێڤ کە لە ئێستادا پایتەختی دەوڵەتی ئۆکراین ـە، بە بناغەی دروستبوونی فەرمانڕەوایی سلاڤ و دامەزراندنی ئیمپراتۆری ڕوسی لە قەڵەم دەدرێت. (مارشاڵ، 2017، 20)**
**کیێڤان ڕووس یەکەم ئیمپراتۆریەتی گەورەی ڕوسەکان و ئەوروپای خۆرهەڵات بووە، فراوانخوازییەکان و گەورەبوونی مەودای دەسەڵاتدارێتییان، بە هۆکاری هەژاری ناوچەکە و کەمی خۆراك، لە کیێڤ ـەوە دەستپێدەکات و درێژ دەبێتەوە بە ناو مێژوودا، لێرەوە ڕوسیا وەك چەمکێکی جوگرافی و کولتورێکی تایبەتمەند سەرهەڵدەدات کە ئاینی مەسیحی و ئاینزای ئۆرتۆدۆکسی جەوهەری شارستانییەکەی دیاری دەکات. (کاپڵان، 2023، 204)**
**ئۆکراین وەك ناوچەیەکی جوگرافی سنووری، هەمیشە چەقی ململانێکان بووە لە نێوان هێزە دیارە ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتییەکان. لە ماوەی سەدەی سێزدە و چواردە ـدا، خاکی ئۆکراین دابەش ببوو بەسەر چەند دەسەڵاتێکی جیاوازدا. بەشی باکوور و ڕۆژئاوای وڵاتەکە کەوتە ژێر دەستی پۆڵەندی و لیتوانییەکان، بەشی باشووری مەغولەکان فەرمانڕەواییان تێدا دەکرد، هەروەها نیمچە دوورگەی کریمیا، خاناتی کریمیا (Crimean Khanate) دەسەڵاتداربوون تێیدا. لە ساڵی 1654 جارێکیتر خاکی ئەو وڵاتە کەوتە ژێر دەستی تزار و لەگەڵ ڕوسیا بوونەوە بە یەك، ئەوەش درێژەی کێشا تا ساڵی 1667 کە لە نێوان ڕوسیا و پۆڵەندا دابەشکرایەوە، ناوچەکانی دیوی چەپی ڕووباری دینیپەر ڕوسیا و دیوی ڕاست پۆڵەندا کۆنترۆڵی کرد. (Shahi, 2022, 90-91)**

**لە سەدەی هەژدەدا، دوای شەڕەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، مۆسکۆ توانی کریمیا و ناوچەکانی دەروبەری دەریای ڕەشی ئۆکراین بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە بە ڕوسیای نوێ (Novorossiya) ناسێندرا. هەروەها دوای دابەشبوونی کۆمۆنوێڵسی لیتوانی-پۆڵەندی (Polish-Lithuanian Commonwealth) بەشێکی فراوانی سنووری ڕۆژئاوای خاکەکەی و ئۆکراین وەرگرتەوە، جگە لە بەشێك لەو خاکە لەوانە گالیسیا و ترانسکارپاتیا ( Galicia and Transcarpathia) کە کەوتنە ژێر دەستی ئیمپراتۆری نەمسا-مەجەر (Austro-Hungarian Empire). (Putin 1, 2021)**

**تاوەکو ساڵی 1917 ئۆکراین بەشێك بوو لە ڕوسیای تزاری. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیکی ( Bolshevik Revolution) و سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی نێوان سوپای سوور (Workers' and Peasants' Red Army) و سوپای سپی سەر بە تزار (White Army)، ئۆکراین ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەناوی ڕادا (Rada)ی لە کییڤ دامەزراند و لە ڕێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە بەڕیوەبەری خۆسەری (Autonomy) ڕاگەیاند، پێش ئەوەی سەربەخۆیی لە ڕوسیا ڕابگەیەنێت. (حسین، 2021، 207)**

**ئەگەرچی، بزوتنەوەی سەربەخۆیی ئۆکراین دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا، بەڵام بێئاکام مایەوە و بە بەهێزبوونی بەلشەفیەکانیش بوون بە کۆمارێك لە نێو یەکێتی سۆڤیەت. شیاوی ئاماژەپێدانە، لە ساڵی 1921 بەپێی پەیمانی ڕیگا (Treaty of Riga) خاکی ئۆکراین دابەشکرا، بەشی ڕۆژهەڵاتی بۆ سۆڤیەت و ڕۆژئاوای بۆ پۆڵەندا گەڕێندرایەوە. ئەو داکەوتە سیاسییە بەردەوامی هەبوو تاکو ساڵی 1991 کاتێك سەربەخۆیی لە سۆڤیەت ڕاگەیاند و بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. (Shahi, 2022, 91)**

**لە ساڵی 1922، کاتێك یەکێتی سۆڤیەت پێکهێنرا، کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئۆکراین بوو بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی. پلانی لینین، دامەزراندنی یەکێتییەك بوو کە مافی یەکسان بە کۆمارە پێکهێنەرەکانی بدات. هەروەها، مافی جیابوونەوە بە کۆمارەکان لە جاڕنامەی یەکێتییەکەی و دەستووری ساڵی 1924 پەسەند کرا. هەڵبەت، پوتین لە وتاری یەکێتی مێژوویی ڕوس و ئۆکرانییەکان 2021، ئەو سیاسەتەی لینین وەك بۆمبێکی کاتی لە بناغەی دەوڵەتی ڕوسیا ناودەبات. (Putin 1, 2021)**

**لە ساڵی 1939 و لە سەردەمی حوکمڕانی جۆزێف ستالین (Joseph Vissarionovich Stalin)، جوگرافیای ئۆکراین فراوانتر کرا. ڕوسیا ئەو زەوییانەی وەرگرتەوە کە لەلایەن پۆڵەندا دەستی بەسەر داگیرابوو. هەروەها لە ساڵی 1940 ـدا بەشێك لە بیسارابیا (Bessarabia) بووەوە بە خاکی ئۆکراین کە لە ساڵی 1918 ڕۆمانیا خستبوویە ژێر کۆنترۆڵییەوە. لە ساڵی 1948 ـیش دوورگەی زمێینی (Zmeyiniy Island) لە دەریای ڕەش خرایە سەر ئۆکراین، بە پێشکەشکردنی نیمچە دوورگەی کریمیاش هێندەی تر خاکی ئۆکراین فراوانتر کرا. پوتین ئاماژە بەوە دەکات، ئۆکراینی مۆدێرن بەرهەمی یەکێتی سۆڤیەتە و بەشێك بووە لە خاکی لە مێژینەی ڕوسیا. ئەو، بەلشەفییەکان (کە پاساویان شۆڕشی جیهانی و سڕینەوەی سنووری نەتەوەییەکان بوو) بە لەتکردنی ڕوسیا تۆمەتبار دەکات. پوتین پێی وایە، بەو سیاسەتە خاکی ڕوسیا بەتاڵان برا و بووە هۆی جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئۆکراین لە ڕوسیا. (Putin 1, 2021)**

**دوابەدوای چاکسازییەکانی گۆرباتشۆڤ، ویستی جوداخوازی لە کۆماری ئۆکراین سەریهەڵدا و بزوتنەوەی ڕاخ (Rukh) بە ڕابەرایەتی ئیڤان دراچ (Ivan Drach) دەرکەوت. ئەو بزوتنەوەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئۆکراین ساڵی 1990ـدا توانی ڕێژەیەکی بەرچاوی کورسی بەدەستبهێنێت و لە هاوینی هەمان ساڵ، سەربەخۆیی لە سۆڤیەت ڕابگەیەنێت. پاش کودەتای ئابی 1991، بە کردەیی جیابوویەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئۆکراین، لە کانوونی یەکەمی 1991، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا و بیلاڕوسیا، لە چوارچێوەی دامەزراندنی ڕێکخراوی دەوڵەتانی سەربەخۆی بەرژەوەندی هاوبەش (CIS) ڕێکخستەوە. (کولائی، 1391، 97)**

**پوتین چەندینجار ئاماژەی بەوە کردووە ڕوس و ئۆکرانییەکان یەك گەلن و چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە. ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئۆکراین دەوڵەتێکی دروستکراوە و بوونێکی مێژوویی ڕاستەقینەی نیە. پوتین، وەك بەشێکی زیندووی مێژوو و ئێستای ڕوسیا، ئۆکراین لە نێو دەستەواژەی جیهانی ڕوسی (Russian world) جێدەکاتەوە کە بەبێ ڕوسیا و لەگەڵ بوونی بە بەشێك لە سیستەمی ڕۆژئاوایی دەبێتە کیانێکی ناسەقامگیر. لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی 2014 و**

سەرهەڵدانی ناسەقامگیری، ئەو دەرفەتە بۆ کریملین ڕەخسا کە خۆی بسەپێنێت بەسەر دەسەڵاتدارانی نوێی کیێڤ و هەژموونی کردەیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بەهێزتر بکات. (Allan, 2020, 4) لە دواین پێشهاتیش لە کۆتاییەکانی ساڵی 2022 پانتاییەکی بەرچاوی ئەو خاکەی کە بە نۆڤۆڕوسیا ناودەبرێت لکێندرا بە ڕوسیا و بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن کریملین کران بە بەشێك لە خاکی ڕوسیا.

**1.2. داکەوتی سیاسی ئۆکراین و ئاڵنگارییەکانی دوورکەوتنەوەی لە ڕوسیا**

ئۆکراین دوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە یەکێتی سۆڤیەت، وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دانپێدانراو دەرکەوت. هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەوهەری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بێگومان کاریگەری لەسەر دەوڵەتانی جیابووەوە بەجێهێشت، هەروەها هەندێك ئاریشەی سیاسی، سەربازی، ئەمنی و ئیتینکی لێکەوتەوە.

ئەگەرچی کۆتایهاتنی جەنگی سارد گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی کەمکردەوە، بەڵام ناڕوونی و گرژی لە پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و کیێڤ دروستکرد. لێرەدا ئەو پرسە جێی مشتومڕ بوو کە مۆسکۆ وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری تەواو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆکراین دەبەستێت یان وەك دەوڵەتێکی هەژموونی نەریتی خۆی دەسەپێنێت. لە ڕاستیدا، ڕووسەکان نەیاندەتوانی لەدەستدانی ئۆکراین قبووڵ بکەن، چونکە خەڵکی هەر دوو دەوڵەتیان وەك یەك گەل دەژمارد. (D'Anieri, 2019, 10)

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەشێك لە وڵاتانی جیابووەوە، هەوڵیاندا نزیك ببنەوە لە ڕۆژئاوا و بچنە نێو دامەزراوە ئەورووپییەکانەوە، لەوانە ئۆکراین. ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا و بوونیادنانی سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای بەها لیبراڵییەکان دیارترین پاڵنەری بەرپرسانی کیێڤ بوو. لە بەرامبەردا، ڕوسیا هەوڵی یەکخستنەوەی وڵاتانی جیابووەوەی دەدا ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراو و یەکێتییە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکان. جیاوازی ویست و ئاراستەی سیاسی، بە فاکتەری ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەژمێردران. (کولایی، 1391، 98)

هەڵبەت، ڕوسیا لە ماوەی نێوان ساڵانی 1991-1993 بەهۆی ئەو ئاراستە ڕۆژئاواییەی کە لە سیاسەتی دەرەوە گرتبوویەبەر، کەمتر گرنگی بە دەوڵەتانی جیابووەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی دەدا، بەڵام دوای نائومێدبوون لە ڕۆژئاوا، هەوڵیدا هەژموونی خۆی لە وڵاتانی دەرەوەی نزیك (Near abroad) بەهێزتر بکات، لەوانە ئۆکراین، ئەگەرچی کیێڤ هەوڵی سەربەخۆی زیاتری لە بازنەی مۆسکۆ دەدا. (حسین، 2021، 212)

یەکێك لە پرسە هەستیارە جێناکۆکانی نێوان ڕوسیا و ئۆکراین، چەکی ئەتۆمی بوون. بەپێی گفتوگۆکانی نێوان ڕوسیا، ئۆکراین و ئەمریکا، دەبوو کیێڤ چەکە ئەتۆمییەکانی لە چوارچێوەی پەیمانی ستارت یەك ( Strategic Arms Reduction Treaty – Start I)، ڕادەستی فیدراسیۆنی ڕوسیا بکاتەوە. سەرەڕای نارەزایی پەرلەمانی و ڕای گشتی، بەڵام ئەو دوو وڵاتە لە ساڵی 1993 توانیان بگەن بە ئەنجامێك. دوابەدوای ئەوەش بە بەشداری ئەمریکا لە ساڵی 1994، ڕێککەوتننامەی لە ناوبردنی چەکە ئەتۆمییەکانی ئۆکراین واژۆ کرا. (کولایی، 1391، 101)

لە پاش ئەوەی لیۆنید کوچما (Leonid kuchma) وەك سەرۆکی نوێی ئۆکراین لە ساڵی 1994 هەڵبژێدرا، گۆڕانێکی ڕێژەیی لە پەیوەندییەکانی هەردوو ولات هاتەئاراوە. کوچما خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بوو، هەروەها لەگەڵ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کیێڤ و مۆسکۆ بوو. لەپاڵ ئەوەشدا، بۆ ئاسایکردنەوەی بارگژییە ناوخۆییەکان لەنێوان بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئۆکراین، جەختی لەسەر سیاسەتی دەرەکی هاوسەنگی وڵاتەکەی کردەوە لە نێوان ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی. (D'Anieri, 2019, 72-73)

لەپاڵ گرفتی ئەمنی، بابەتی خاك یەکێکیتر بوو لە پرسە جێناکۆکەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت. بەپێی ڕاستی مێژوویی، نیمچە دوورگەی کریمیا بەشێك بووە لە خاکی ڕوسیا و لە ساڵی 1954 بە بڕیارێکی نیکیتا خرۆشۆڤ ( Nikita Sergeyevich Khrushchev) خراوەتە سەر خاکی ئۆکراین. دوای سەربەخۆیی ئۆکراین، دانیشتوانی بە زۆرینە سلاڤی کریمیا هەوڵی بوونەوە بە بەشێك لە ڕوسیایان دەدا. لە سەرەتادا ڕوسیا پشتگیری داخوازی لکاندنەوەی دەکرد، دەستووری ساڵی

1992ـی کریمیاش جەختی لەسەر دەکردەوە. لە بەرامبەردا، وڵاتانی ئەوروپی و ناتۆ پاڵپشتی یەکپارچەیی خاکی ئۆکراین ـیان دەکرد. (کولائی، 1391، 104-102) دوای پاڵپشتیکردنی کریملین بۆ کوچما و سیاسەتی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا، دەنگی سەربەخۆیی کریمیا بەهێزتر بوو. لەبەرامبەردا، ئەو پێداگری لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکراین کردەوە. (D'Anieri, 2019, 72-73)

کێشەی خاك لە نێوان هەردوو وڵات لەدوای ڕێککەوتنی دۆستایەتی، هاریکاری و هاوبەشی ( Treaty on Friendship, Cooperation and Partnership between Ukraine and the Russian Federation) ساڵی 1997 چارەسەرکرا. لە ماددەی دووەم و سێیەمی ڕێککەوتنامەکە هاتووە "هەردوو دەوڵەت ڕێز لە سنوور و یەکپارچەیی خاکی یەك دەگرن. هەروەها ڕێککەوتن لەسەر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای یەکسانی سەروەری و پێشێلنەکردنی سنوورەکان، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر بکەن و ئامرازەکانی هەڕەشە و فشار بەکاربهێنن". (United Nation 1, 2014) بەم شێوەیە، مشتومڕەکان لەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆتاییان پێهات.

پرسی کەشتییە جەنگییەکانی دەریای ڕەش، بابەتێکیتری ناکۆکی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بوو. دانوستاندن بۆ دابەشکردنی کەشتییە جەنگییەکان لە ساڵی 1995 دەستی پێکرد و لە کۆبوونەوەی نێوان یەڵتسین و کوچما لە ساڵی 1997 بە ئەنجام گەیشت. کەشتییەکان لە 525 دانە پێکهاتبوون، هەردوولا ڕێککەوتن بە دابەشکردنیان بەشێوەیەکی یەکسان، بەڵام ڕوسیا 117 کەشتی لە کۆی 262 ـی لە ئۆکراین کڕی. بەو شێوەیە، ڕوسیا 81.7 ـی کەشتییەکان و ئۆکراین 18.3 ـی بەرکەوت. لەلایەکیتر، ڕوسیا ڕەزامەندی ئۆکراینی وەرگرت بۆ بەکرێگرتنی بەندەری سیڤاستۆپۆل (Port of Sevastopol) بەرامبەر بە لێکەمکردنەوەی ئەو قەرزەی لەسەر ئۆکراینی هەبوو بەپێی ساڵانی بەکرێدانی بەندەرەکە.(Stewart, 1997, 51)

بەشێك لە بەرپرسانی باڵای ئۆکراین، هەمان ئەو کەسایەتیانە بوون کە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت باڵادەست بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگەی سیاسی و دەستەبژێرانی ئەو وڵاتە دابەشببوون بۆ سەر دوو بەرەی ڕۆژئاوایی و ڕوسی. ناکۆکییەکان و دورکەوتنەوەی ئۆکراین لە ڕوسیا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2004 زیاتر بەدەرکەوت، ئەویش کاتێك نارەزایەتییەکان بەهۆی ساختەکاری هەڵبژاردنی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ (Viktor Fedorovych Yanukovych) سەریهەڵدا و لە کۆتاییدا دوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، ڕکابەرە ڕۆژئاواییەکەی، ڤیکتۆر یوشچینکۆ ( Viktor Andriyovych Yushchenko) سەرکەوت. هەڵبەت، دوای شۆڕشی پرتەقاڵی لە ساڵی 2004 (Orange Revolution) یوشچینکۆ ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ وەك ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئۆکراین دیاریکرد. (عطری، 1392، 5-6)

ڕوسیا لەو قۆناغەدا توانای بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەبوو، بەڵام کاتێك لە ساڵی 2005 ئۆکراین ـی تاوانبارکرد بە گلدانەوەی بەشێك لەو گازەی بۆ وڵاتانی ئەوروپی دەنێرێت، کارتی وزەی دژ بە کیێڤ بەکارهێنا، کە لە هەمانکاتدا فشارێکیش بوو بۆسەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە هاریکاری ئۆکراین و ڕاکێشانی بۆ نێو دامەزراوە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی. لە ساڵی 2006، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ناردنی گازی بۆ وڵاتانی ئەوروپی بە خاکی ئۆکراینـدا ڕاگرت. لە کۆتاییەکانی ساڵی 2008، هەمان کردەوە دووبارە بوویەوە و قەیرانی وزەی بۆ 18 وڵاتی ئەوروپی دروستکرد. لە ئەنجامدا بە ڕێکەوتن لە نێوان گازپرۆم و ئۆکراین بە دیاریکردنی نرخی نوێی گاز و گێرانەوەی قەرزەکان قەرزەکان بە ڕوسیا چارەسەر کرا. (حسین، 2021، 208)

لە بەردەوامی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیاندا، هەردوو وڵات لە ئۆکتۆبەری 2008 ڕێککەوتننامەی ساڵی 1997 ـیان بۆ ماوەی 10 ساڵیتر درێژکردەوە. شیاوی ئاماژەپێدانە، لە هەمان ساڵدا ئاڵوگۆڕی بازرگانیان گەیاندە 40 میلیار دۆلار. هەروەها لە 2010 هەردوو وڵات ڕێککەوتن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی کەشتییە جەنگییەکانی ڕوسیا لە نیمچە دوورگەی کریمیا تا ساڵی 2042، لە بەرامبەریشدا ڕوسیا پابەندکرا بە داشکاندنی نرخی فرۆشتنی گازی سروشتی بەو وڵاتە تا 10 ساڵی ئاینده. (عطری، 1392، 5)

پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لە دوای هەڵبژاردنەوەی یانۆکۆڤیچ وەك سەرۆك لە ساڵی 2010 و سەرکەوتنی پارتەکەی (پارتی هەرێمەکان-Party of Regions ) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 2012، بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی. ڕوسیا

**لەو ماوەیەدا هەوڵی ڕاکێشانی ئۆکراینی دەدا بۆ نێو یەکێتی ئابووری ئۆراسیا، هەروەها لە بەرامبەر هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ گرێدانی ئۆکراین، پێداگری لە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە زیندووە دەکردەوە لەو وڵاتە. ( Wood, Pomeranz and others, 2015,33)**

**لەو سەروبەندەدا، وا بڕیار بوو ئۆکراین ڕێککەوتنی هاریکاری لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا واژۆ بکات، بەڵام یانۆکۆڤیچ لە لوتکەی ڤیلنیۆس (Vilnius summit) لە کۆتاییەکانی ساڵی 2013 واژۆی لەسەر ڕێککەوتننامەکە نەکرد، لە بەرامبەردا، دەستپێشخەرییەکانی ڕوسیای، بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییە داراییەکان، پەسەند کرد. ئەو ڕووداوە بووە زەمینەخۆشکەرێك بۆ سەرهەڵدانی نارەزایەتی جەماوەری دژ بە حکومەتی یانۆکۆڤیچ. ( Wood, Pomeranz and others, 2015, 39)**

**ڕووداوەکانی ساڵی 2014 ی ئۆکراین، بوونە هۆی هاتنەئارای کەشێکی نێودەوڵەتی نوێ، بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئەویش پاش دەستێوەردانی سەربازی ڕوسیا لە کریمیا و پاڵپشتی بزوتنەوەی جوداخوازی هەرێمی دۆنباس، هەروەها لکاندنەوەی کریمیا بە خاکی ڕوسیا پاش 60 ساڵ ئەویش دوای ڕیفراندۆمی دانیشتوانی ئەو نیمچە دوورگەیە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر ڕوسیا.**

**لە 18 ئازاری 2014، ڤلادیمیر پوتین وتارێکی پێشکەشکرد و تێیدا ئاماژەی بە ڕیفراندۆمی 16 ئازاری 2014 کرد کە 96% دانیشتوانی کریمیا دەنگیان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕوسیا دابوو. پوتین جەختی لە مێژووی هاوبەشی ڕوسیا و کریمیا کردەوە و بە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی ڕوسیا لە قەڵەمیدا. هەروەها، باسی مەترسییەکانی ئەندامبوونی ئۆکراینی لە ناتۆ و بوونی هێزە دەریاییەکانی هاوپەیمانییەتییەکە کردەوە لە کریمیا و دەریای ڕەش، کە مەترسی ڕاستەوخۆن لەسەر ئاسایشی سنوری باشور و پێگەی هەرێمی ڕوسیا. لەلایەکیتر پیشتگیری خۆی بۆ ڕوسنەژادەکانی ئۆکراین دەربڕی، گەربێتوو ڕووبەڕووی سزای وڵاتانی ڕۆژئاوایی ببنەوە. (Putin 2, 2014)**

**لە هەمان ڕۆژدا، لە ڕێوڕەسمێکدا، بەڵگەنامەی لکاندنی نیمچە دوورگەی کریمیا لەلایەن پوتین و سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری کریمیا (ڤلادیمیر کۆنستانتینۆڤ - Vladimir Konstantinov) واژۆ کرا. لە دوای ئەو ڕێککەوتننامەیەوە، کۆماری کریمیا، بوویەوە بە پارچەیەك لە خاکی فیدراسیۆنی ڕوسیا. بەو شێوەیە کریمیا وەك کۆمار و سیڤاستۆپۆل وەك شارێکی فیدراڵی بوون بە بەشێك لە پێکهاتەی دەستوری و یاسایی ڕوسیا. (Putin 3, 2014) دوابەدوای ئەو ڕووداوانە، ئاڵۆزییەکان پتر پەرەیان سەند، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، هەردوو لایەنی جەنگ (سوپای ئۆکراین و بزوتنەوەی جودایخوازی لوهانسك و دونیتسك)، یەکتریان تۆمەتبار دەکرد لە فراوانبوونی بارگژییەکان، هەروەها ڕوسیا وەك بزوێنەری جوڵاندنی هێزە چەکدارەکانی دۆنباس و پڕچەککردنیان تۆمەتبار دەکرا. ئەو ژینگە ناسەقامگیرە بەردەوام بوو تا هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراین لە شوباتی ساڵی 2022.**

**2. گرنگی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ڕوسیا لە ئۆکراین**

**لە ڕوانگەی ڕوسەکان، ئۆکراین بەشێکی دابڕێنراوی گرنگی ئیمپراتۆریایی پێشووی ڕوسیایە، هەروەها ئەو دەوڵەتە گرنگییەکی جیۆپۆلەتیکی گەورەی بۆ ڕوسیا هەیە. ڕوسیا کۆمەڵێك ئامانجی ستراتیژی باڵای لەو وڵاتە هەیە و بەردەوام هەوڵیداوە وەك هاوپەیمان و دۆست لە بازنەی هەژموونییدا بیهێڵێتەوە. لەم باسەدا ئاماژە بە پێگەی ستراتیژی و ئامانجەکانی ڕوسیا دەکرێت لە ئۆکراین.**

**2.1. ئۆکراین و گرنگییە سیاسی و ستراتیژییەکانی بۆ ڕوسیا**

**ئۆکراین، گرنگییەکی ستراتیژی گەورەی بۆ ڕوسیا هەیە و دەروازەیەکە بۆ سەپاندنی هەژموون بەسەر دەوڵەتانیتری جیابووەوەی یەکێتی سۆڤیەت. بایەخی تەوەری ئۆکراین دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئەو دەوڵەتە کە لە باشوورەوە دەکەوێتەسەر دەریای ڕەش و لە خۆرئاواوە دراوسێی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتە. وەك بەشێك لە توێژەران ئاماژەی پێدەکەن، ڕوسیا بەبێ ئۆکراین دەبێتە ئیمپراتۆرییەکی ئاسیایی_ڕۆژهەلاتی، بەڵام بە گێڕانەوەی ئۆکراین جگە لەوەی**

دەکەوێتە نێو کیشوەری ئەوروپا (کاپڵان، 2023، 227)، لە هەمانکاتدا، کەمی ژمارەی دانیشتوانی وەك ئاڵنگارییەکی جدی، بە بڕی 43 ملیۆن زیادە دەبێت. (Worldometer 1, 2023)

ئۆکراین وەك دەروازەی ڕوسیا بە ڕووی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەناسرێت. پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتە بە جۆرێکە کە لە بازنەی یەکەمی پەراوێزی ڕوسیا دێت و دەکرێت لەو ڕێگەیەوە ڕوسیا گەمارۆ بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، خاوەندارێتی بەشێکی بەرچاوی دەریای ڕەش دەکات و هەردوو بەندەری ستراتیژی سیڤاستۆپۆل و ئۆدیسا لەخۆدەگرێت. (زادی و فرد، 1393و 145)

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی ڕوسیا، سنورداری دەستڕاگەیشتنییەتی بە ئاوە گەرمەکان. بە درێژایی مێژوو، ئەو وڵاتە لە ژێر کاریگەری پێویستی جیۆپۆلەتیکی، گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بنەمای بەشێك لە کاردانەوە سیاسییەکانی بوون. بۆیە بوونی پێگەی هێزی دەریایی ڕوسیا لە کریمیا وایکردووە ئۆکراین بایەخێکی ستراتیژی ئێجگار گەورەی هەبێت، چونکە ئاسانکاری دەکات بۆ هاتووچۆی کەشتییە بازرگانی و جەنگییەکانی ڕوسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ( Eastern Mediterranean)، بالکان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لکاندنی نیمچە دورگەی کریمیا لە ساڵی 2014 دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو، کە ڕوسیا بۆ ئەوەی وەك هێزێکی خاوەن ئامانجی ناوچەیی و سەروناوچەیی، پارێزگاری لە خۆی بکات، دەبێت ئامادەیی سەربازی خۆی لە دەریای ڕەش بپارێزێت. (اعظمی، نظری و دیگر، 1397، 38)

لە بنەڕەتدا، گرنگی ستراتیژی نیمچە دوورگەی کریمیا بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی دەگەڕێتەوە کە لەلایەك کەوتۆتە سەر دەریای ڕەش، لەلایەکیتریش دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان. کریمیا، لە ڕێگەی هەردوو گەرووی بۆسفۆر و دەردەنیل، دەریای ڕەش و دەریایی سپی ناوەڕاست پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها هێز و ئامادەیی سەربازی ڕوسیا لە ناوچەی قەوقاز بەهێزتر دەکات، بەم ڕێگەیەش کریملین دەتوانێت پارێزگاری لە هەژموونی هەرێمی لە سنوورەکانی باشووریدا بکات. جێی بەبیرهێنانەوەیە، بە درێژای مێژووی دروستبوونی فەرمانڕەوایی سلاڤەکان لە دەوروبەری ڕووباری دنیپەر، کریمیا بایەخێکی تایبەتی هەبووە و جێگەی مشتومڕ و بەریەککەوتنی بەرژەوەندی بەشێك لە دەوڵەتان بووە. (مەنتك، 2022، 63)

سەرەڕای پێگەی جیۆستراتیژی، ئۆکراین لە ڕووی سەربازی و ئاسایشییەوە بە بەربەستێکی گرنگی جوگرافی دادەنرێت سەبارەت بە پلانی پەلکێشان و فراوانبوونی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بەرەو ڕۆژهەڵات. لەبەرئەوە، پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی ڕوسیا بەرامبەر مەترسییە ئاسایشییەکانی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوە بە ئۆکراین ـەوە. ئەندامبوونی ئۆکراین لە دامەزراوە سیاسی و ئاسایشییەکانی ڕۆژئاوا، لە ئاستی هەرێمیدا، هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دەبن بۆ سەر ئاسایش و پێگەی جیوپۆلەتیکی ڕوسیا. بۆیە، کیێڤ لە ڕووی ئاسایشییەوە گرنگییەکی ئێجگار مەزنی بۆ کریملین هەیە (بودی، ابراهیمی و دیگر، 1396، 70). لەبەرئەوە، هەوڵەکانی بوون بە ئەندامی ئۆکراین لە ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ڕوسیا دادەنرێت. کریملین، بەشێوەیەکی تەواو دژ بەو هەنگاوەی کیێڤ ڕادەوەستێت و ئەو زەمینە سیاسی و ئاسایشییە بە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی بارگژییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دادەنرێت. ڕوسیا پاساوەکانی ئەمریکا بۆ جێگیرکردنی بنکەی سیستەمی دژە موشەکی لە ئەوروپا و کشان بەرەو ڕۆژهەڵات بە نالۆجیکی دەزانێت، لەلایەکیترەوە، ئەو هەنگاوانەی ناتۆ و ئەمریکا هۆکار دەبن بۆ تێکدانی هاوسەنگی ستراتیژی (Strategic Balance). (حسین، 2021، 215-217)

ڕوسیا بەهۆی هەرسێ بگۆڕی؛ کولتووری سیاسی، ئاسایش تەوەری و پێگەی جیۆپۆلەتیکییەوە، گرنگی بە بەهێزبوونی توانایی سەربازی خۆی دەدات، ئەویش لە پێناو بەدەستهێنانەوەی پێگەی پێشوو و دروستکردنی ناوچەی هەژموونی نوێ. لەو چوارچێوەیەدا دەوڵەتانی "دەرەوەی نزیك" وەك جۆرجیا و ئۆکراین و مانەوەیان لە ژێر هەژموونی مۆسکۆ لە پێشینەی ئامانجە ستراتیژییەکانیدا هاتوون. لەو نێوەندەدا جەخت لەسەر ئۆکراین دەکرێتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە قوڵاتی ستراتیژی ڕوسیا و هیچ جۆرە هەڕەشەیەك لەو وڵاتەوە قبوڵ ناکات، لە کاتێکدا ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، لە ڕێگەیەوە هەوڵی دەورەدان و لاوازکردنی دەدەن. (بودی، ابراهیمی و دیگر، 1396، 71)

**لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد، لە سیستەمی نوێی جیهانیدا ئابووری ڕۆڵی تەوەری و گرنگ دەگێڕێت، بۆیە ئەو وڵاتانەی خاوەن توانایی ئابووری کاریگەر یان لەسەر هێڵی هاتوچۆی بازرگانین، بایەخێکی ستراتیژییان هەیە. هەڵبەت، ئۆکراین دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی کاڵا و کەرەستە خاوەکانی ڕوسیا بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست، بە جۆرێك 70% کاڵای ئەو وڵاتە و 80% گازی سروشتی و 75% نەوتی خاوی ڕوسیا بە ئۆکراینـدا تێدەپەڕێت، جێگرەوەی ئەو ڕێڕەوە ئەگەر نەکردەنی نەبێت ئەوا سەخت و پرتێچووە. بۆیە، ئۆکراین وەك پێگەی جیۆئیکۆنۆمی گرنگییەکی بوونیی هەیە بۆ ئابووری ڕوسیا. (بودی، ابراهیمی و دیگر، 1396، 71-72)**

**کولتوور و ئاین پرسێکی هاوبەشی ترە لە نێوان ئەو دوو وڵاتە. ڕوسیا و ئۆکراین، دەخرێنە چوارچێوەی یەك پۆلێنی کولتووری و شارستانییەوە. کییڤ، یەکەمین پایتەختی سلاڤییەکان بووە و لەوێوە فەرمانڕەوایی ڕوسیا، بیلاڕوسیا و ئۆکراین ــی ئێستایان کردووە. بۆیە، وەك یەکەمین بناغەی ئیمپراتۆری ڕوسیا لە قەڵەمر دەدرێت و تێکەڵبوونی نەتەوەیی، ئاینی و کولتووریی توندوتۆڵیان هەیە. لە ڕوانگەی ڕوسیاوە، جیاکردنەوەی ئۆکراین و دابڕاندنیان وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ، هەوڵێکی بێهودە و نەکردەییە، بەهۆی هاوڕێشەیی هەردوو دەوڵەت. (اعظمی، نظری و دیگر، 1397، 37)**

**پوتین، لە وتاری (یەکێتی مێژووی ڕوسەکان و ئۆکرانییەکان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە " ڕووسەکان، ئۆکراینی و بیلاڕوسەکان هەموویان نەوەی ڕوسی کۆنن کە گەورەترین دەوڵەتی ئەوروپا بووە . هۆزەکانی سلاڤی و هۆزەکانی دیکە لە سەرانسەری ئەو خاکە فراوانەدا بە یەک زمان گرێدرابوون،[لە بنەڕەتدا] ڕووسەکان و ئۆکراینییەکان یەک گەلن". (Putin 1, 2021)**

**ئۆکراین لە دونیابینی ڕوسەکاندا، جێگەیەکی تایبەتی هەیە. زۆرێك لە ناسیۆنالیستەکانی ڕوسیا لەو باوەڕەدان بەبێ ئۆکراین نەك سەبارەت بە ڕوسیایەکی گەورە و هەژموونی، بەڵکو ناتوانرێت گفتوگۆ لەسەر بوونی خودی ڕوسیا بکرێت. لەو پێوەدانگەوە، بەهۆی نزیکی و هاوبەشی مێژوویی، نەتەوەیی و شوناسی هەردوو وڵات جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئۆکراین لە ساڵی 1991 وەك شۆکێك دەبینرا. (زادی و فرد، 1393و 146) بۆیە، کریملین دوورکەوتنەوەی ئۆکراین تەنیا وەك مەترسییەکی ئاسایشی نابینێت، بەڵکو بە هەڕەشە و ئاڵنگارییەك بۆ سەر مێژوو و شوناسی نەتەوەیی لە قەڵەمی دەدات.**

### 2.2. ئامانجە ستراتیژییەکانی ڕوسیا لە ئۆکراین

**ڕوسیا، چەندین ئامانجی باڵای لە کۆنترۆڵکردن و مانەوەی ئۆکراین لە خولگەی هەژموونی خۆیدا هەیە. هەڵبەت، ئۆکراین پێش دروستبوونی قەیرانەکان و وەرچەرخانی بۆ جەنگ، ڕازی بوو بە بەهێزکردنی و فراوانکردنی هێزی دەریایی و پێگەی کەشتیگەلی جەنگی ڕوسیا لە دەریایی ڕەش، ئەویش بە کەمکردنەوەی نرخی غازی سروشتی. جگە لە هەژموونی سەربازی، کریملین کۆنترۆڵکردنی تۆڕی بۆرییەکانی غازی سروشتی ئۆکراین ــی بە ئامانج دەگرت، ئەویش بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی وزەی جیهانی. (کاپڵان، 2023، 228)**

**وەك دەردەکەوێت، ئۆکراین یەکێکە لە دەروازە گرنگەکانی ڕوسیا بە ڕووی جیهانی دەرەوە، ئەویش بەهۆی بوونی لەسەر دەریای ڕەش کە ڕێڕەویکی زیندووە بۆ هاتووچۆی کەشتییە جەنگی و پاپۆڕە بازرگانییەکانی. ئەو هۆکارە وایکردووە ئۆکراین پێگەیەکی جیۆستراتیژی تایبەتی هەبێت. لە ڕاستیدا، لکاندنی نیمچە دوورگەی کریمیا بایەخێکی ستراتیژی ئێجگار ژیانی هەبوو، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافی و بوونی بەندەری سیڤاستۆپۆل و بنکەی سەربازی ڕوسیا لەو نیمچە دوورگەیە. بەکارهێنانی ئەو بەندەرە بۆ مانۆرە تاکتیکی و سەربازییەکان لە جەنگی جۆرجیا و سوریا ئەو ڕاستییەیان پشتڕاست کردەوە کە ڕوسیا بەبێ دەستڕاگەیشتنی بە ئاوە گەرمەکان، ناتوانێت پارێزگاری لە پێگەی بەهێزی هەرێمی و جیهانی خۆی بکات. (امین، رفعت و اخرون، 2022. 11)**

**لە لکاندنەوەی کریمیا، مۆسکۆ چەند ئامانجێکی هەبوون، لەوانە: سنوردارکردنی ڕۆڵی جۆرجیا لە ناوچەی قەوقاز و زەمینەسازی بۆ سەرکەوتنی ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگ لە دواڕۆژدا. لەلایەکیترەوە، گەڕانەوە و ئامادەیی لە دەریایی سپی ناوەڕاست بە ڕێگەی گەرووی دەردەنیل و بۆسفۆر. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەنگاوە سیاسی، یاسایی و سەربازییەی**

ڕوسیا هەوڵێك بوو بۆ ڕێگری لە ئۆکراین بۆ بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ. بەشێوەکی گشتی، ئامانجی ڕوسیا زامنکردنی ئاسایشی باشووری وڵات بوو لەلایەك، پارێزگاریکردن و فراوانکردنی هەژموون بوو بەسەر ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە سەر دەریای ڕەش لەلایەکیتر. (مەنتك، 2022، 64)

بەرژەوەندی ئابووری، یەکێکیترە لە ئامانجەکانی ڕوسیا لە ئۆکراین. لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ڕوسیا هەوڵیداوە ئۆکراین وەك وڵاتێکی ئابووری بەستێتەوە بە خۆی و دواتر یەکێتی ئابووری ئۆراسیا (EACU)، لەوێوە دەتوانێت وەك هێزێکی سەربازی و جیۆپۆلەتیکی ڕکابەر بەرامبەر هێزە نێودەوڵەتییەکانیتری وەك یەکێتی ئەوروپا، ئەمریکا و چین دەربکەوێت. ئاشکرایە، بوونی ئۆکراین لەپاڵ ڕوسیا، ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان و پاراستنی سنوورەکانی لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەی. (امین، رفعت و اخرون، 2022. 12)

ئۆکراین لە ڕووی کشتوکاڵییەوە بە پانتاییەکی جوگرافی دەوڵەمەند دەژمێردێت. ئەو وڵاتە، بەهۆی لەباری خاکەکەی بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە پلەی یەکەم دێت لەسەر ئاستی جیهان. بە دیوێکی تردا، بەشی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین کە زۆرینە سلاڤن و هاوسۆزن لەگەڵ ڕوسیا، دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی وەك ئاسن، خەڵوز، مەکانسیۆم و ئەلەمنیۆم. جێی ئاماژەیە، ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بە پایەیەکی گرنگی ئابووری ئەو وڵاتە دەژمێردێت و لە ئێستادا بەشێکی فراوانی لەژێر دەسەڵاتی ڕوسیادایە. (حسین، 2021، 206)

ڕوسیا، دوای بەهێزبوون و دەرکەوتنەوەی وەك هێزێکی کاریگەری ئۆراسیایی، هەوڵیداوە کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتانە بکات کە لە خولگەی یەکێتی سۆڤیەت بوون، لەوانە ئۆکراین. لە نۆستالژی ڕوسەکاندا، گەڕانەوە بۆ ئیمپراتۆریای لە دەستچوو پێگەیەکی ناوەندی وەردەگرێت. لێرەوە دەکرێت هەوڵەکانی پوتین وەك خۆراکپێدەری ویستی مێژووییانەی کۆمەڵگەی ڕوسی بخوێندرێتەوە. کریملین دەیەوێت ئەو پێگە جیهانییە بەدەست بهێنێتەوە، لانیکەم لە ناوچەی ئۆراسیا، کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا وڵاتانی ڕۆژئاوایی لێی وەرگرتۆتەوە، ئەویش بە باڵادەستی هەرێمی و سنووردانان بۆ فراوانخوازییەکانی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ (Gierczak, 2020, 7)، لەو چوارچێوەشدا ئۆکراین سەرەتای هەوڵی بوونیادنانەوەی هەژموون و دامەزراندنەوەی ڕوسیایە وەك دەوڵەت یان زلهێزێکی ئۆراسیایی کاریگەر لە سیستەم و ڕێکخستنی (Order) نێودەوڵەتیدا.

### 3. بەرپابوونی جەنگی ئۆکراین و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی

قەیران و جەنگی ئۆکراین بەرئەنجامی چەندین فاکتەرن. سەرەتای ناکۆکی قوڵی ئەو دوو دەوڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی پرتەقاڵی ساڵی 2004 کە درێژبوویەوە بۆ جەنگ لە ساڵی 2022. لێرەدا، ئاماژە دەکرێت بە سەرەتای ناکۆکییەکان و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی.

#### 3.1. سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکراین و وەرچەرخانی بۆ جەنگ

ئۆکراین، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و گرنگی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژییەوە، جێگەی ململانێی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکا و ڕوسیا بووە. لە ساڵی 2004 و دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پرتەقاڵی، ناکۆکییەکان ڕوونتر بە دەرکەوتن. نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دژ بە سەرکەوتنی یانۆکۆڤیچ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2004 سەرەتای دابەشبوونی ئەو وڵاتە و گەرمبوونی ناکۆکییەکانی نێوان ڕوسیا و ولاتانی ڕۆژئاوایی بوو. (نەجمەدین، 2014، 264)

ئۆکراین بە یادگەی مێژوویی (Historical Memory) دروستبوونی فەرمانڕەوایی سلاڤەکان دادەنرێت، هەروەها هێمای شکۆ و گەورەیی مێژووی ڕوسیایە وەك دەوڵەت. بۆیە، کریملین ڕێگەی بە لەدەستدانی ئۆکراین نەدەدا، لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵی دەدا لەلایەك بەربەست لەبەردەم لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوا دابنێت، لەلایەکیتر، پارێزگاری لە قەڵغانی هەژمونی ڕوسیا بکات کە هۆکارێك دەبێت بۆ بەرز ڕاگرتنی هەستی شکۆی مێژوویی و جیۆپۆلەتیکی لە نێو هاوڵاتیانیدا. (تیسمانانو و لانگدن، 1401، 209)

لەو نێوەندەدا، دەزگای هەواڵگری ئەمریكا بە ڕێگەی جیاواز و فشاری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، هەوڵی نزیكبوونەوەی ئۆكراین و بەستنەوەی بە یەكێتی ئەوروپا دەدا. كاتێك یانۆكۆڤیچ لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا كەوتە دانوستان و نزیكبوویەوە لە ڕێككەوتن بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەكان، پوتین گوشاری خستەسەر ئۆكراین ئەویش بە هەڕەشەی بەرزكردنەوەی نرخی گاز و وەرگرتنەوەی قەرزەكانی لەو وڵاتە. (كلینتۆن، 2019، 258-259)

لە دەرئەنجامی فشارەكانی ڕوسیا، یانۆكۆڤیچ لە ئیمزاكردنی ڕێكەوتنامەی هاوكاری و بازرگانی ئازاد لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا پاشگەزبوویەوە ئەوەش نارەزایی ڕۆژئاواگەراكانی كیێڤ و بەشی خۆرئاوای ئۆكراین ـی بە دوای خۆیدا هێنا. یانۆكۆڤیچ لە مۆسكۆ نزیك بوو، لە مامەڵەكردنی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەچاوی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ڕوسیا دەكرد، بۆیە پاشگەزبوونەوەی ڕێكەوتن لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا لە هەمانكاتدا واتای نزیكبوونەوەی زیاتر بوو لە ڕوسیا. ئەو بڕیارە نارەزایی و گرژی توندی لێكەوتەوە. (زادە، موگویی و دیگر، 1394، 159) خۆپیشاندان و نارەزایەتییەكان گەیشتنە ئاستێك كە یانۆكۆڤیچ ڕازی بوو بە ئەنجامدانی چاكسازی و هەڵبژاردنی نوێ، بەڵام نارەزایەتییەكان تا دەهات گەورەتر دەبوون(كلینتۆن، 2019، 259) دواجار پەرلەمانی ئۆكراین دەنگیدا لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆكی دەوڵەت، لەبری ئەو، ئۆلیكساندەر تۆرچینۆڤ (Oleksandr Valentynovych Turchynov) وەك سەرۆكی كاتی دیاریكرا. (زادە، موگویی و دیگر، 1394، 159)

دوای وەرگرتنەوەی متمانە و وەدەرنانی یانۆكۆڤیچ لە شوباتی 2014، بەرپرسانی باڵای فەرمی لە كیێڤ ئامادەیی وڵاتەكەیان دەربڕی لە هەنگاونان بۆ ئەندامبوون لە یەكێتی ئەوروپا و ناتۆ لە ئایندەدا. ڕوسیا لە چوارچێوەی ئەو دۆخە سیاسییە نوێیەی لە ئۆكراین سەریهەڵدا، پشتیوانی خۆی بۆ بزوتنەوەی جوداخوازی هەرێمی دۆنباس دەربڕی، هەروەها پەنایبردەبەر بەكارهێنانی هێز بۆ دەستبەسەرداگرتنی كریمیا و لكاندنەوەی بە ڕوسیا. (Sergunin. 2016,32-33)

لە سەرەتادا، پوتین وڵاتانی ڕۆژئاوایی تاوانبار كرد بە دەستێوەردان لە كاروباری ناوخۆیی ئۆكراین و هاندانی ڕای گشتی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی. كریملین، هەوڵەكانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە نادەستوری لە قەڵەمدا. ئەو، ئەمریكا و ڕۆژئاوای، بە نابەرپرس تۆمەتباركرد بەوەی وڵاتان وەك تاقیگەی تاقیكردنەوەكانیان دەبینن بەبێ ڕەچاوكردنی كاردانەوە و لێكەوتەكان. (Wood, Pomeranz and others, 2015, 119)

ئەگەرچی پرسی بە ئەندامبوون لە ناتۆ لە دوای گەیشتنەوەی یانۆكۆڤیچ بە دەسەڵات كۆتایی پێهات، ئەویش دوای دەركردنی یاسایەك لە پەرلەمانی ئۆكراین لە ساڵی 2010 بۆ گرتنەبەری سیاسەتی بێلایەنی لە ململانێكانی ڕوسیا و ڕۆژئاوا، بەڵام دوای لابردنی یانۆكۆڤیچ لە 2014، سەرۆك وەزیرانی ئەوكاتی ئۆكراین ئارسنی یاتسنیوك ( Arseniy Yatsenyuk) جەختی لە ئەندامبوون لە ناتۆ كردەوە و یاسای دەركراوی ساڵی 2017 ـی پەرلەمانیش وەك ئامانجی دەوڵەت دەستنیشانی كرد. دواتریش، لە دەستووری هەمواركراوی ساڵی 2019 جەختی لەسەر كرایەوە. سەرەڕای نیگەرانییەكانی ڕوسیا، سەرۆكی ئۆكراین ڤۆلۆدیمیر زیلینسكی (Volodymyr Zelenskyy) جارێكی تر ویستی ئەندامبوونی وڵاتەكەی لە ناتۆ دووپات كردەوە. (Chadwick, 2022)

بارودۆخی ئۆكراین و گرژیی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ڕوسیا بەردەوامی هەبوو تاوەكو لەشكركێشی و هەڵگیرسانی جەنگ لە شوباتی 2022. لە ڕاستیدا، جەنگی ئۆكراین لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە قوڵترین ڕووداو و قەیران دادەنرێت كە ڕووبەڕووی كیشوەری ئەوروپا بووەتەوە. هێرشە زەمینی و ئاسمانییەكانی ڕوسیا تەواوی وڵاتەكەی گرتۆتەوە و لەپاڵ ئاوارەیی و كۆچی ڕێژەیەكی بەرچاو لە هاوڵاتیانی ئۆكراینی، بووەتە هۆكاری وێرانبوونی بەشێك لە شارەكانی ئەو وڵاتە. كاریگەرییەكانی جەنگ سنوری وڵاتەكەی بڕیووە و گۆڕانێكی پارادایمیی (Paradigm Shift) لە جیۆپۆلەتیكی جیهانی هێناوەتە ئاراوە. بێگومان، سەركەوتنی ڕوسیا لەم جەنگەدا، گۆڕان لە هاوسەنگی هێز و هاوكێشە نێودەوڵەتییەكان دروست دەكات بەجۆرێك چیتر ڕۆژئاوا ناتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر وڵاتانی جیهاندا بەشێوەیەكی تاكڕەوانە بسەپێنێت. (Shahi, 2022, 96)

پێش دەستپێكردنی جەنگ، كریملین داوای گەرەنتی یاسایی دەكرد لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ بە ئەندامنەبوونی ئۆكرانیا لە ناتۆ، هەروەها كۆتایهێنان بە درێژكردنەوەی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات و جێگیركردنی بنكەی سەربازی لەسەر

سنوورەکانی ڕوسیا، ئەوە داوایەك بوو کە لەلایەن ناتۆ بەهەند وەرنەگیرا و قبوڵ نەکرا. وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ لە کۆبوونەوەی 1 دیسەمبەری 2021 لە لاتیڤیا پێداگریان لە مافی بوون بە ئەندامی ئۆکراین کردەوە هەر کات ئامادە بێت. هەروەها، جەختیان لە سزادانی سیاسی و ئابووری ڕوسیا کردەوە لە ئەگەری هێرشکردن بۆ سەر خاکی ئۆکراین. (سید، 2022، 9)

لە کۆتاییدا، قەیرانی ئۆکراین سەریکێشا بۆ هەڵگیرسانی جەنگ. وەك ڕوونە، لەشکرکێشی و جەنگی ڕوسیا دژ بە ئۆکراین ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. بەرگری هێزە ئۆکراین ـیەکان و نائامادەیی سوپای ڕوسیا لە یەکلاکردنەوەی بەرکەوتنە چەکدارییەکان، هۆکارێك بووە بۆ درێژبوونەوەی جەنگ و ململانێکان. لە ڕاستیدا، بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هۆکارێك بوو بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگەی ئۆکراینی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی ڕوسیا، لەپاڵ ئەوەشدا هاریکاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە پێشکەشکردنی چەك و پێداویستییە لۆجستییەکان بازنە و پانتایی جەنگەکەیان دەستنیشان کردووە. (Naumescu, 2022, 481-482) نیگەرانی و مەترسییەکان لە فراوانبوونی سنووری جەنگ، تادێت زیاتر دەبن، هەروەها دەریچەی گەیشتن بە ڕێگە چارەی دیپلۆماسی و ئاشتییانە بەرتەسکتر دەبنەوە ئەویش بەهۆی گۆڕان لە هاوسەنگی هێز و دژبەیەکی بەرژەوەندی لایەنەکان.

### 3.2. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران و جەنگی ئۆکراین

لە دوای قەیرانی ساڵی 2014 تا دەگاتە جەنگی ئۆکراین مشتومڕێکی تیۆری سەبارەت بە داگیرکاری ڕوسیا هاتوونەتە ئاراوە. لە بارەی وڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە کام لایەن بەرپرسیارە لەو ڕووداوانەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات؟ چەند تێڕوانینێکی تیۆری بۆ شیکردنەوە هەیە.

ئەلیکساندر دوگین پێداگری لەسەر چەمکی جیۆپۆلەتیك دەکات وەك میتۆدێك بۆ شیکردنەوەی جەنگی ئۆکراین. ئەو، پێکدادانەکان بە دەرئەنجامی ململانێی هێزی دەریایی و وشکانی لێکدەداتەوە و تیشك دەخاتەسەر ئەوەی، ئەگەر ڕوسیا وەك ئیمپراتۆرییەتێك لەناوچوو بێت، بەڵام هێشتا خاکی هارتلاند لەخۆ دەگرێت و نوێنەرایەتی هێزی وشکانی دەکات. بۆیە ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەك مەترسی و دوژمنێك ڕوسیا دەبینن و هەوڵی کۆنترۆڵکردن و دەورەدانی دەدەن (Dugin 1, 2022) لە ڕێی ڕاکێشانی دەوڵەتانی سەربەخۆیی جیابووەوەی سۆڤیەت بۆ نێو دامەزراوە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانیان، لەوانە ئۆکراین. دوگین، شەڕی ئۆکراین وەك بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕوسیا و هەژموونی بەسەر خاکی وشکانی ئۆراسیا لە قەڵەم دەدات، (Dugin 2, 2022) هەروەها ئۆکراین وەك ڕێگەی بوونیادنانی ئیمپراتۆری ئۆراسیایی و تێکشکاندنی سیستەمی تاکجەمسەری دەبینێت. (Dugin 1, 2022)

نیۆڕیالیستەکان، سیاسەتی دەرەکی پێداچوونەوەخوازی ڕوسیا (Russia’s revisionist foreign policy) و جەنگی ئۆکراین بە دەرئەنجامی فراوانبوونی ناتۆ دەبینن کە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ڕوسیا دروست کردووە. ئەوان، ئەمریکا و ناتۆ بە بەرپرسیار دەبینن لە سەرهەڵدانی جەنگی ئۆکراین. هەروەها، بەشێك لە ئەکادیمستی لیبراڵی لە بارەی هۆکاری جەنگی ئۆکراین ئەوە دەخەنەڕوو کە ڕوسیا لەبەر ئەوەی ئەوەی سیستەمێکی دزسالاری (Kleptocratic) هەیە، بەرەوپێشچوونی ئۆکراین لە ڕووی دیموکراسییەوە، وەك مۆدیلێکی سیاسی قبوڵکراو لەلایەن کۆمەڵگەی ڕوسی، بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر ڕژێمە سیاسییەکەی، بۆیە دژ بە ڕژێمی کیێڤ ـە. (Naumescu, 2022, 476)

لە ڕوانگەیەکی جیاوازترەوە، پاول دی ئانیێری (Paul D’Anieri) پرۆسەی دیموکراتیزەکردن (Democratization) بە هۆکاری بنەڕەتی سەرهەڵدانی جەنگی ئۆکراین دادەنێت. ئەو وڵاتە، لە دوای سەربەخۆیی و بەتایبەت شۆڕشی پرتەقاڵی، هەوڵدەدات بچێتە پاڵ دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان. بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە دوای جەنگی سارد هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییەکانی زیاتر ئاڵۆز کردووە، بەجۆرێك بۆ یەکەمجار چەمکی دیموکراسی و جیۆپۆلەتیك ئاوێتەی یەکتر دەبن. بەهۆی لێکەوتەی جیۆپۆلەتیکی، ڕوسیا، دیموکراتیزەکردنی ئۆکراین بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی و هەژموونی ناوچەیی دادەنێت. (D’Anieri, 2019, 9)

جۆزێف نای (Joseph S. Nye, Jr) هۆکارەکان پۆلێن دەکات بۆ سێ ئاست: قووڵ، مامناوەند و خێرا. نای، هۆکاری قووڵ بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە بنەڕەتدا پوتین ئۆکراین وەك دەوڵەتیکی شەرعی (legitimate state) ڕەت دەکاتەوە و بە ساختە ناوی دەبات، زیاتر لەمانەش، لەگەڵ فراوانکردنی سنووری ڕوسیایە وەك میراتگری ئیمپراتۆری ڕوسی. لەتەك ئەو هۆکارە سەرەکییە، فراوانبوونی ناتۆ وەك هۆکاری مامناوەندی دەبینێت. هەروەها، خۆپیشاندانەکانی یۆرۆمەیدان و فشارەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، بە هۆکاری خێرا هەڵگیرسانی جەنگ لە قەڵەمر دەدات. (Nye, 2022)

هەڵبەت کۆمەڵێك هۆکاری بەرچاو هەبوون بۆ سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ئۆکراین لە ساڵی 2013 و درێژبوونەوەی بۆ ڕوودانی جەنگ. ئۆکراین لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە سۆڤیەت، بەدەست هەندێك گرفتی ناوخۆیی قووڵ دەیناڵاند کە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ ناسەقامگیری سیاسی و جەمسەربەندی کۆمەڵگەی ئۆکراینی لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕوسیادا.

پەیوەست بە ڕیشەی سەرهەڵدانی جەنگ، دەکرێت دیاردەی گەندەڵی بە یەکێك لە فاکتەرە دیارەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی دابنرێت. بەگوێرەی داتا و توێژینەوەکان، ئۆکراین بە یەکێك لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان لە قەڵەمر دەدرێت. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی شەفافیەت (Transparency International) لە ساڵی 2012، ئاستی 144ـەمینی وەرگرتووە لە کۆی 176 دەوڵەت. ئەو ڕاستیەش تەنیا پەیوەست نیە بە سەرۆکێك یان دەستەبژێرانی دیاریکراو، بەڵکو وەك دیاردە لە ئیدارە جیاوازەکاندا هێشتا بوونی هەبوو. بەگوێرەی ئاماژەکان، پاشگەزبوونەوەی یانۆکۆڤیچ لە واژۆکردنی ڕیککەوتننامەی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بۆ پرسی گەندەڵی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوروپا فشارەکانی زیاتر کردبوو بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و بوونی شەفافییەت، ئەوەش، بەرژەوەندی بەشێك لە دەستەبژێرانی ئۆکراینی دەخستە مەترسییەوە. (شاپوری، 1393، 28-30)

سنوورداری سیاسی و مەدەنی و هەوڵەکان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادتر بە فاکتەرێکیتر دادەنرێت لە هەڵگیرسانی شۆڕشی پرتەقاڵی ساڵی 2004 و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ساڵی 2013. ململانێی و جەمسەرگیرییە سیاسییەکان، هۆکاری سەرەکی بارگژییەکان بوون، کە فرەیی ئیتنیك و نەتەوەیی خۆراکپێدەری زیاتر دابەشبوونی کۆمەڵگە و سەرهەڵدانی شەڕی چەکداری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە بوو. (شاپوری، 1393، 33)

لە ئۆکراین، لێکترازانی کۆمەڵایەتی قووڵ هەیە، بەهۆی ئەوەی چەندین نەتەوە و ئیتنیکی جیاواز بوونیان هەیە، ئەوەش وایکردووە کۆمەڵگە دابەش ببێت بەسەر ڕەوت و ئاراستەی سیاسی جیاواز. هەڵبەت نەتەوەی ئۆکراین زۆرترین ڕیژەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن بە ڕێژەی 77.8%، سلاڤ یان ڕوسەکان دووەمین پێکهاتەی نەتەوەیین و ڕێژەی 17% وڵاتەکە پێکدەهێنن. هەریەك لە ڕۆمانی، بیلاڕوسی، تاتار، بولگاری، هەنگاری، پۆڵەندی، جوو و ئەرمەنی بە جیا کەمتر لە 1% دانیشتووان. زمانی 67% خەڵکی وڵاتەکە ئۆکراینییە و 24% ڕوسی و 9% بە زمانیتر قسە دەکەن. ( world population review, 2023) دابەشبوونی جوگرافی ڕوس و ئۆکرانییەکان، هەروەها لێکترازانی سیاسی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتەکە، هاوشان لەگەڵ ئاڵنگارییە سیاسییە قوڵەکانی لە نێوان مانەوەی لە بازنەی هەژموونی ڕوسیا و دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان بە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران و جەنگی ئۆکراین دادەنرێت.

خاڵێك کە کریملین زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بیری نازیزمی نوێیە (Neo-Nazism). ئەم ڕەوتە خۆیان بە چەکداری ئاڤۆ (Avo) ناو دەبەن و دژ بە کۆچبەران، ڕەوەندی ئیسلامی و ڕوسیان. ئەوان باوەڕیان بە باڵادەستی سپی پێستەکان هەیە و دژایەتی هەر لایەنێك دەکەن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕیان یەك نەگرێتەوە. وەك ئاماژەی پێدەکرێت، نیۆنازییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دەکرێن بۆ دژایەتیکردن و سەرکوتکردنی دانیشتوانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین کە زۆرینە ڕوسن.(Europe Word, 2022)

لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی جەنگ دەکرێت ئاماژە بە هەوڵەکان بۆ بەئەندامکردنی ئۆکراین بکرێت لە هاوپەیمانی ناتۆ. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەشێك لە دەوڵەتانی جیابووە و تەواوی ئەو دەوڵەتانەی بەشێك بوون لە هاوپەیمانی وارشۆ (Warsaw Pact)، بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانی سەربازی ناتۆ. ئۆکراین یەکێکە لەو دەوڵەتانەی هەوڵدەدات ببێتە ئەندام لەو هاوپەیمانییەتییە. لە دوای شۆڕشی پرتەقاڵی، ویست و هەوڵدانی ئۆکرانیا بۆ

بوون بە بەشێك لە سیستەمی ڕۆژئاوایی بەهێزتر بوو. لە ساڵی 2008 لە کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە پایتەختی ڕۆمانیا (بوخارست)، پێشوازیکرا لە ئەندامر بوونی ئۆکراین و جۆرجیا لە نێو هاوپەیمانییەتەکەدا. (الشافي، 2022، 9)

لەو نێوەندەدا، جۆن میرشایمەر (John J. Mearsheimer) سەرهەڵدانی قەیران و دەستدرێژییەکانی ڕوسیا لە ئۆکراین بە هۆکاری سیاسەتی ڕۆژئاوا لە فراوانکردنی ناتۆ لە قەڵەم دەدات. ئەو، دەستبەسەرداگرتنی کریمیا و سیاسەتی شەڕانگێزی پوتین بۆ نیگەرانییە ئاسایشییەکانی کریملین و مەترسی لەسەر پێگە و ئامادەیی هێزی سەربازی لە دەریای ڕەش دەگەڕێنێتەوە. میرشایمەر ڕای وایە، سەرکردەکانی ئەمریکا و ئەوروپا هەڵەیان کرد لە چوونە نێو ئۆکراین کە بەشێکی گرنگە لە حەوشەی پشتەوەی ڕوسیا. (Mearsheimer, 2014, 77-78)

ناکرێت ئەوە لە بیر بکرێت، پوتین ناتۆ بە ئامرازی ئیمپریالیستی ئەمریکی و فراوانخوازییەکانی واشنگتن دەبینێت. ئەو، بەو شێوەیە دەڕوانێت؛ ناتۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ناچار کردووە بۆ بوون بە ئەندامر تێیدا و دەیەوێت لە ڕێگەیەوە بخزێتە نێو بازنەی هەژموونی ڕوسیا. هەروەك پوتین ئاماژەی بۆ دەکات، ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ئۆکراین دواین و تاکە بژاردەی وڵاتەکەی بووە بۆ ڕێگری لە ویستی فراوانخوازی ڕۆژئاوا. لە بنەڕەتدا، پوتین جەنگی ئۆکراین بە جەنگی وڵاتەکەی دەبینێت بەرامبەر کۆی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە دەیانەوێت ڕوسیا جڵەو بکەن و سیستەمی نوێی جیهانی بسەپێنێت. (Hill and Stent, 2022, 112)

ڕەهەندێکیتری سەرهەڵدانی قەیران و جەنگی ئۆکراین پەیوەندی بە لایەنی جیۆئیکۆنۆمییەوە هەیە. یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی 2009 ـەوە هەوڵی بەستنەوەی ئابووری و کەرتی بازرگانی ئۆکراینی دەدات بە خۆیەوە لە کاتێکدا کریملین وەك هەڕەشەیەك بۆسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ کیێڤ دەیبینی. ڕوسیا نزیکی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئۆکراین و یەکێتی ئەوروپای وەك ئاڵنگارییەك لەبەردەمر یەکێتی ئابووری ئۆراسیا لە قەڵەم دەدا. لە ڕاستیدا، پرۆژەکانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە ئۆکراین، بەرژەوەندییە ئابووری و ئامانجە جیۆئیکۆنۆمییەکانی ڕوسیای خستبوویەوە مەترسییەوە. (Sergunin. 2016, 33)

لە دەرئەنجامدا، دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی زەمینەیان بۆ لێکترازان و سەرهەڵدانی قەیرانەکان فەراهەمکرد، کە دواتر سەریکێشا بۆ هەڵگیرسانی جەنگ، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە، ئامانجی بەدەستهێنانەوەی پێگەی هەژموونی ڕوسیا لە ناوچەی ئۆراسیا و مەترسیە جیۆپۆلەتیکییەکانی فراوانبوونی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات بە دیارترین فاکتەر دادەنرێت.

**4. دەستێوەردانی سەربازی لە ئۆکراین، دابڕاندن و لکاندنی نیمچە دوورگەی کریمیا بە خاکی ڕوسیا**

کۆمەڵێك هۆکار زەمینە خۆشکەر بوون بۆ دەستێوەردان و لەشکرکێشی ڕوسیا لە ئۆکراین، لەوانە ژینگە سیاسی نێودەوڵەتی و بەهێزبوونەوەی پێگەی ڕوسیا لە ئاستی جیهانی. نزیکبوونەوەی ئۆکراین لە ناتۆ و مەترسییە ئاسایشییەکانی ڕێگەی بە ڕوسیادا نیمچە دوورگەی کریمیا جیابکاتەوە و بیخاتەسەر خاکی وڵاتەکەی، هەروەها ئامادەییەکی بەرچاوی هەبێت لە ململانێ چەکدارییەکانی هەرێمی دۆنباس. لێرەدا تیشك دەخرێتەسەر هۆکارەکانی دەستێوەردان، ڕووداوەکانی کریمیا و کاردانەوەی نێودەوڵەتییەکانی.

**4.1. هۆکارەکانی دەستێوەردانی ڕوسیا لە بارگژیە سیاسییەکانی ئۆکراین**

لە دوای ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانیان چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی، هەواڵگری و پۆلیسیان ئەنجامداوە. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەرەوەی ڕەوایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دامەزراوە و یاسا نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت لە بەڕێوەبردنی کاروبار و قەیرانە جیهانییەکاندا. لە ڕاستیدا، ژینگەی نوێی نێودەوڵەتیی زەمینەی بۆ ڕوسیا فەراهەمر کرد بە هەمان ڕێگە دەستێوەردانی سەربازی لە جۆرجیا و ئۆکراین بکات. لکاندنی کریمیا و چوار هەرێمیتری ئۆکراین بە خاکی ڕوسیا، نموونەی ئەو دەستێوەردانانەن. بێگومان، قەیرانی ئابووری ساڵی 2008 و پاشەکشەی ڕێژەیی هەژموونی جیهانی ئەمریکا یاریدەدەر بوو

بۆ دەرکەوتنی هێزی نوێ و فراوانخوازییەکانیان، لەوانە؛ چین، ڕوسیا، هیند، بەرازیل و چەند دەوڵەتێکیتر. (Gumede, 2022, 5)

تێوەگلانی ئەمریکا لە چەندین قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی بەتایبەت لەسەردەمی جۆ بایدن، هەروەها لاوازی لە پابەندبوونەکانی بەرامبەر بە بەشێك لە دەوڵەتانی هاوپەیمانی، لەلایەکیتریش دەرکەوتنی هێزی نێودەوڵەتی ڕکابەر، ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە بۆ ڕوسیا کە هەوڵی سەپاندنی هەژموون و فراوانکردنی بازنەی دەسەڵاتی هەرێمی خۆی بدات خۆی بدات. وڵاتانی گەورەی هاوشێوەی ڕوسیا و چین دەیانەوێت سوود لەو بۆشاییانە وەربگرن کە لە ئاکامی پاشەکشەی ئەمریکا بەتایبەت لە عێراق و ئەفغانستان دروست بوون. (محمود، 2022، 54)

هەڵبەت، هەندێك لە لێکۆڵەران هەڵگیرساندنی جەنگی ئۆکراین دەگەڕێننەوە بۆ پاڵنەرە نیۆئیمپریالیستەکانی ڕوسیا (Neo- imperialistic motives)، کە ڕیشەی خۆی لە شوناسی ڕوسی دەبینێتەوە. ڕوسیا، هەوڵی فراوانکردنی خاك و کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە دەدات کە بەشێك بوون لە ئیمپراتۆری ڕوسی و یەکێتی سۆڤیەت. پوتین دوای ماوەی سێیەمی سەرۆکایەتی 2012، هاوشێوەی پیتەری گەورە (Peter the Great 1672-1725) هەوڵی بەهێزکردن و فراوانکردنی خاکی ڕوسیا دەدات. لە هەمانکاتدا، دەیەوێت سزای ئەو دەوڵەتە لاواز و بچووکانەی نێو بازنەی هەژموونی بدات کە بە پاڵپشتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ڕوسیا و لاوازکردنی پێگەی هەرێمی دەدەن، لەوانە ئۆکراین. (Forsberg and Patomäki, 2023, 52-53)

بە لەشکرکێشی و هێرش بۆ سەر ئۆکراین، ڕوسیا دەیەوێت جارێکی تر سیستەمی هاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی دابڕێژێتەوە، هەروەها هاوکێشە ئاسایشییەکان لەسەر بنەمایەکی نوێ لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی بوونیاد بنێت. بەم شێوەیە، جەنگی ئۆکراین، دەتوانێت ببێتە ڕێگەیەك بۆ ڕێگریکردن لە فراوانبوونی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ناوچەی ئۆراسیا، هاوکات هەنگاوێك دەبێت بۆ ڕاگرتنی وڵاتانیتری بازنەی مێژوویی هەژموونی ڕوسیا وەك جۆرجیا و ماڵدۆڤا و بەشێك لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی بۆ نێو هاوپەیمانی ناتۆ. (محمود، 2022، 56)

ئەوە ڕوونە کە، سەرەتای دەستێوەردانی سەربازی و دەستبەسەرداگرتن و لکاندنەوەی کریمیا بە خاکی ڕوسیا لەو ڕوانگە ئاسایشییەوە دەهات، کە بوونی ئۆکراین بە ئەندام لە ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بەندەری سیڤاستۆپۆلی لە بنکەیەکی سەربازی ڕوسیا دەگۆڕی بۆ ناوەندی جێگیرکردنی هێزی دەریایی ناتۆ. پوتین پاراستنی پێگەی سەربازی لە بنکەی دەریایی سیڤاستۆپۆل و پەیوەستبوونی مێژووی کریمیا وەك خاك و نەتەوە بە ڕوسیا بە پێشینەی سیاسەتەکانی لە ئۆکراین هەژمار دەکرد. بۆیە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی هەژموون بە هۆکاری دەستێوەردانی ڕوسیا و گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئۆکراین دادەنرێت. (ویلیامز و کوفاس، 1397، 34-35)

لە وتاری ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەت لە ئۆکراین (special military operation)، پوتین باسی لە مەترسییەکانی ئامادەگی ناتۆ لە نزیك سنوورەکانی ڕوسیا کرد. هەروەها، ئاماژەی بەوە کرد "سەرکردەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام ئەو هێزانە بۆ ماوەیەکی درێژ یان تاهەتایی دەمێننەوە". پوتین ناتۆ ـی وەك ئامرازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە قەڵەمدا و هەوڵەکانی بۆ بەئەندامکردنی ئۆکراین بە هێڵی سوور ناوبرد. ئەو جەختی لەوە کردەوە کە "ڕوسیا ناتوانێت هەست بە پارێزراوی، گەشە و بوونی خۆی بکات لە کاتێکدا لە ڕێگەی ئۆکراین ـەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەتەوە". (Putin 4, 2022)

لە ڕاستیدا، بەهێزترین پاساوی ڕوسیا بۆ دەستێوەردانەکانی لە ناوچەی "دەرەوەی نزیك" پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕوسنەژادەکانی وڵاتانی دراوسێ بێت، ئەم ڕاستیەش لە هەردوو جەنگی جۆرجیا و ئۆکراین دەبینرێت.

پوتین ئەو هاوڵاتییە ئۆکراین ـیانەی کە بە زمانی ڕوسی دەدوێن و پاراستنیان لە هەر جیاکاری و پێشێلکارییەك لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان، وەك پرسێکی گرنگی سیاسەتەکانی مۆسکۆ دەبینێت. ئەو، ڕوسنەژادەکانی وڵاتانی دراوسێ و "دەرەوەی نزیك" بە بەشێك لە جیهانی ڕوسی (Russian wolrd) دەبینێت. (Hill and Stent, 2022, 112) بەرپرسانی کریملین، بەهۆی هاوبەشی مێژووی، نەتەوەیی، ئاینی و کولتووری، ئۆکراین بە بەشێك لە شارستانیەت و خاکی ڕوسیا دەبینن. ئەوان هەوڵەکانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا تەنیا وەك هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە

**نیشتمانییەکانیان لە قەڵەم نادەن، بەڵکو مێژوو و شوناسی نەتەوەییان لەبەردەم مەترسی و هەژموونی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی دەبینن. (Wood, Pomeranz and others, 2015, 38)**

**یەکێك لەو هۆکارانەی کە پاڵنەری دەستێوەردانەکانی ڕوسیا و پاساوی بەهێزی کریملین بوو، گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بوو لەلایەن پەرلەمانی ئۆکراین بۆ لابردنی ماددەیەك لە یاسای 2012 تایبەت بە زمانی کەمینەکان لەو وڵاتە. بەو پێیەش زمانی ڕوسنەژادەکانی ئۆکراین وەك دووەمین زمان کەوتبووە بەر مەترسی قەدەغەکردن. کریملین لەو پێوەدانگەوە کە ڕوسنەژادەکانی دەرەوەی ڕوسیا بەشێکن لە "جیهانی ڕوسی"، مافی پاراستنیانی بەخۆیدا تاوەکو دەستێوەردان لەو وڵاتەدا بکات. (تیسمانانو و لانگدن، 1401، 209)**

**بەهەمانشێوە لە کاتی ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، پوتین ئاماژەی بەوەکرد "مەبەست لەم ئۆپەراسیۆنە، پاراستنی ئەو کەسانەیە کە هەشت ساڵە ڕووبەڕووی زەلیلکردن و جینۆساید بوونەتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا، هەوڵدەدەین ئۆکراین لە چەك و نازییەکان دابماڵین، لەگەڵ ئەوەشدا پلانی ئێمە نیە کە ئۆکراین داگیر بکەین". لەو وتارەیدا پوتین هەنگاوە سەربازییەکانی ڕوسیای وەك دژەکردەوە بەرامبەر بە حکومەتی ئۆکراین ناساند نەك گەل و بەرژەوەندی ئۆکرانییەکان. (Putin 4, 2022)**

**وەك دەردەکەوێت، دیارترین هۆکارەکانی دەستێوەردانی سەربازی ڕوسیا لە ئۆکراین و ڕاگەیاندنی جەنگ، دووبارە بنیادنانەوەی هێز و گێڕانەوەی هەژموونە بەسەر وڵاتانی دەرەوەی نزیك کە بە ناوچەی بەرژەوەندی ژیانی ( Vital Interest) مۆسکۆ لە قەڵەم دەدرێت. لەپاڵ ئەوەشدا، ڕێگری لە وڵاتان بۆ چوونە نێو هاوپەیمانی و یەکێتییە سیاسی و سەربازییە ڕۆژئاواییەکان و پاراستنی ڕووسنەژادەکانی وڵاتانی دراوسێ لە زۆرلێکردن، بە فاکتەری تر دادەنرێت لە دەستێوەردانەکانی ڕوسیا.**

### 4.2. ڕووداوەکانی نیمچە دوورگەی کریمیا و لێکەوتە نێودەوڵەتییەکانی

**بەشێوەیەکی گشتی، تیۆریست و شوێنکەوتوانی قوتابخانەی جیۆپۆلەتیکی و ئۆراسیانیزم پێداگرن لەسەر بوونیادنانی ئیمپراتۆریایی ئۆراسیایی، ئەویش بە سەپاندنەوەی هەژموون بەسەر "دەرەوەی نزیك" و ئەو وڵاتانەی لە خولگەی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون. دوگین وەك یەکێك لە تیۆریستە بەرجەستەکانی تیۆری جیۆپۆلەتیکی ئۆراسیایی، پێش ڕووداوەکانی ئۆکراین مکوڕ بوو لە سەر گێڕاندنەوەی کریمیا بۆ سەر ڕوسیا. دوای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی کیێڤ و دژەکردەوەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، دوگین، بزوتنەوەی جوداخوازانی دۆنباسی بە بێداری ڕوحی ڕوسی ناوبرد، هەروەها ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی بە بەهاری ڕوسی (Russian Spring) ناساند. (حسینی و ائینە وند، 1394، 152)**

**لە نێو کۆمەڵگەی ڕوسی، ناسیۆنالیستەکان هاوشان لەگەڵ ئۆراسیانستەکان فاکتەری فشار بوون لەسەر کریملین بۆ گێڕانەوەی کریمیا. مشتومڕەکان لە میانەی سێ فاکتەری نەتەوەیی، مێژووی و ویستی گەلانی ئەو ناوچەیەدا دەخرانەڕوو، بەو مانایەی: زۆرینەی دانیشتوانی کریمیا بە ڕەگەز سلاڤن، ئەو دوورگەیە بەشێك بووە لە خاکی ڕوسیا تاوەکو ساڵی 1954، هەروەها هەست بە پەیوەست بوونیان ناکەن بە دەوڵەتی ئۆکراین. (صفری و وثوقی، 1395، 122-123)**

**جێی بە بیر هێنانەوەیە، کریمیا پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و بوونەوە بە بەشێك لە خاکی ڕوسیا، کۆمارێکی ئۆتۆنۆم بوو لە چوارچێوەی ئۆکراین ـدا. کریمیا دەستور، یاسا و پەرلەمانی تایبەت بە خۆی هەبوو. دوای دەستپێکردنی قەیرانەکان و دوورخستنەوەی یانۆکۆڤیچ لە دەسەڵات، پەرلەمانی کریمیا بڕیاریدا بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی ئەو هەرێمە، لە مانەوە لە چوارچێوەی ئۆکراین یان گەڕانەوە بۆ سەر ڕوسیا.**

**گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کیێڤ و هەوڵەکان بۆ پەراوێزخستن و لاتەریك کردنی سلاڤەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، زەمینەیان بۆ زیاتر ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئۆکراین خۆشکرد. لە ئاکامی فشاری دەوڵەت و توندبوونی ناڕەزایەتییەکان ڕوسیا هێزە سەربازییەکانی لە بنکەی دەریایی کریمیا هێنایەسەر شەقام بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی سیڤیل و پاشەکشەی بە سوپای ئۆکراین کرد. ئەم ڕووداوە، هۆکارێك بوو بە پەرەسەندنی زیاتری ناڕەزایەتییەکانی هەرێمی دۆنباس. لە شارەکانی دۆنیستك**

(Donetsk) لوهانسك (Luhansk) دژکردەوەکان گۆڕان بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی جوداخوازی چەکداری. ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری سوپای ئۆکراین و بزوتنەوەی سەربەخۆیی هەرێمی دۆنباس داکەوتی سیاسی و ئاسایشی ئۆکراینی هێندەی تر ئاڵۆزکرد. (زادە، موگویی و دیگر، 1394، 160)

لەو سەروبەندەدا، کریمیا لە 16ـی ئازاری 2016 ڕیفراندۆمی ئەنجامدا و 96%ـی گەل، دەنگیاندا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕوسیادا. پەرلەمانی ئەو وڵاتە بەیاننامەیەکی بە پشت بەستن بە دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەکە بڵاوکردەوە بۆ بوونەوە بە بەشێك لە ڕوسیا. دوای جیابوونەوە و قبوڵکردنی داوای کریمیا لەلایەن کریملین، ڕوسیا بڕیاری هەڵوەشانەوەی یاساکانی ئۆکراین و جێبەجێکردنی یاساکانی خۆی لەو هەرێمە ڕاگەیاند، هەروەها ماوەیەك درا بە پەرلەمان تاوەکو سیستەمی یاسایی، ئابووری و دارایی کریمیا بگونجێنێت لەگەڵ یاساکانی ڕوسیا. (بودی، ابراهیمی و دیگر، 1396، 67-68) وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئەو هەنگاوەی ڕوسیایان بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە قەڵەمدا. وەك وڵامدانەوەیەك، کۆمەڵێك سزایان بەسەر ڕوسیادا سەپاند، کە دەکریت بەشێویەکی گشتی ئاماژەیان پێبکرێت، لەوانە: (فلاحی و عامری، 1395، 78)

1. ئابڵوقەدان و سزادانی ئەو کەس و لایەنانەی کە بەرپرس بوون لە گرێدانی کریمیا بە ڕوسیا.
2. سڕکردنی ڕوسیا لە گروپی (G8) و دابڕینی چەندین ڕایەڵی هاوکاری ئاسایشی، سەربازی و تەکنەلۆجی.
3. دەرکردنی بەیاننامەیەك لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر نایاساییبوونی گرێدانی کریمیا بە خاکی ڕوسیا.
4. بەهێزکردنی ئامادەیی ناتۆ لە دەریای ڕەش و ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی ناتۆ و دراوسێی ڕوسیان.

سەرەڕای لەپێشبوونی ڕوسیا و دەستکەوتە ستراتیژییەکان، بەڵام لکاندنەوەی کریمیا کۆمەڵێك زیانی هەبوو بۆ سەر ڕوسیا، لەوانە: پەراوێزبوون لە ئاستی نێودەوڵەتی، سەپاندنی سزا و هەڵپەساردنی بەشێك لە پرۆژە ئابوورییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری و سەرمایەگوزاری بیانی، هەروەها لەدەستدانی ئۆکراین وەك دراوسێیەکی گرنگ و ستراتیژی. (مەنتك، 2022، 135)

لەلایەکیتر، ڤلادیمیر پوتین لە دەستێوەردان لە کێشمەکێشی سیاسی ئۆکرانیادا چەندین دەستکەوتی بەدەستهینا، کە دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژەی پێبکرێت: (ئارام، 2014، 22-23)

1. گەیاندنی پەیامیکی توند بۆ وڵاتانی جیابووەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانی ناتۆ. ئەگەرچی دەستوەردانی سەربازی ڕوسیا لە جۆرجیا (2008) ڕاگەیاندنی هێڵی سوور بوو بۆ هەوڵە فراوانخوازییەکانی ڕۆژئاوا و ناتۆ، بەڵام پوتین لە قەیرانی ئۆکراین ـدا ئەوەی پیشاندایەوە، کە هەر هەوڵدانێك بۆ بە ئەندامکردنی ئۆکراین لە ناتۆ دەکرێت کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت.
2. دەستبەسەرداگرتنی کریمیا ئەگەرچی هۆکارێك بوو بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، بەڵام هێزی دەریایی ڕوسیای لە بەندەری سیڤاستۆپۆل و دەریای ڕەش بەهێزترکرد.
3. پوتین ئەو پەیامەی بە بەرپرسانی سیاسی ئۆکراین ـدا، کە هەرکات بیانەوێت ببنە مەترسی بۆ سەر سنور و ئاسایش و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ڕوسیا بخەنە مەترسییەوە، ئەوا زەبری کوشندەیان بەردەکەوێت؛ هەر ئەوەش هۆکارێك بوو کە سەرۆکی نوی ئۆکرانیا پیترۆ پرۆشینکۆ (Petro Oleksiyovych Poroshenko 2014-2019)، دوای دەستبەکاربوونی، نیەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕوسیا پیشان بدات.

### 5. سیاسەتی ڕوسیا لە بەڕێوەبردنی قەیران - جەنگی ئۆکراین

ڕوسیا، لە دوای جیابوونەوەی ئۆکراین و سەربەخۆیی لە یەکێتی سۆڤیەت، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە و کۆتایهێنان بە ناکۆکییەکان چەندین ئامرازی بەکاربردووە، لەوانە: سیاسی و دیپلۆماسی، ئابووری و وزە، سەربازی، بەکارهێنانی ڕووسنەژادەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دینیپەر و هتد. ئێمە لەم باسەدا ئاماژە بە گرنگترین ڕێگە و ئامرازەکان دەکەین، ئەوانیش دیپلۆماسی، سەربازی و دەستبەسەرداگرتنی خاك.

**5.1. ئامرازی دیپلۆماسی**

لە دوای سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی ئۆکراین لە کۆتایی ساڵی 2013 و دروستبوونی قەیرانەکان لەو وڵاتەدا، بە ڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسی هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان دراوە. بەشێك لە وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیووە لە لێکنزیکردنەوەی هەردوو دەوڵەت، هەروەها بەرپرسانی مۆسکۆ و کیێڤ چەندین کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەبووە بۆ سنووردارکردنی ئاڵۆزییەکان و چارەسەرکردنی قەیرانەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لەوانە ڕێککەوتننامەی یان پرۆتۆکۆڵی مینسك یەك (Minsk protocol or I) و ڕێککەوتننامەی مینسك دوو (Minsk II).

هەڵبەت، ڕێککەوتنامەی مینسك بە دەرئەنجامی هەوڵە دیپلۆماسییەکان دادەنرێت بۆ ڕێگریکردن لە بەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی ئۆکراین و گێڕانەوەی ئاسایش بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە. (Marples, 2022, 37) گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لە ڕێککەوتنامە مینسك یەك ساڵی 2014 جەختی لەسەر کرابوویەوە کۆتایهێنان بوو بە پێکدادانە چەکدارییەکانی هەرێمی دۆنباس لە نێوان سوپای ئۆکراین و هێزە چەکدارەکانی بزوتنەوەی جوداخوازی دۆنباس، ئەویش بە ڕێگەی: ڕاگەیاندنی دەستبەجێی ئاگربەست، نا-ناوەندی دەسەڵات (Decentralization) لە هەردوو ناوچەی لوهانسك و دۆنێتسك، دروستکردنی ناوچەی ئاسایشی (Security Zone) لە نێوان سنوورەکانی ڕوسیا و ئۆکراین، کشانەوەی هێزە چەکدارییە نایاساییەکان و بەکرێگیراوان لەگەڵ کەرەستە سەربازییەکان لە ناوچەکانی پێکدادان. (Minsk protocol, 2014)

ڕێککەوتننامەی (مینسك دوو) لە ساڵی 2015 واژۆ کرا بۆ کاراکردنی ڕیککەوتننامەی پێشوو و زیادکردنی هەندێك بڕگەیتر، لەوانە: دروستکردنی ناوچەی ئاسایشی بەپێی سیستەمی چەکە جۆراوجۆرەکان کە لە 50 بۆ 140 کیلۆمەتر دووربوونی هێزەکان لەیەکتر دەستی پێدەکرد، کۆنترۆڵی سنوورەکان لە ڕێگەی سوپای ئۆکراین پاش هەڵبژاردنی ناوچەی لوهانسك-دونیتسك و هەمواری دەستور تا کۆتایی ساڵی 2015. (Minsk 2 agreement, 2014)

ڕوسیا بە ڕێگەی ڕێککەوتنی مینسك دوو ئۆکراین ـی خستە ژێر کۆمەڵێك مەرجی قورس، لەوانە: دانانن بە دەسەڵاتی ناوچەیی بزوتنەوەی جوداخوازی دۆنباس پاش هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانیان، هەروەها ڕیفۆرمی دەستووری و چەسپاندنی نا-ناوەندگەرایی. لەلایەکیتر، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی لەلایەن سوپای ئۆکراینی بەستەوە بە هەموارکردنەوەی دەستوور. (Marples, 2022, 31)

سەرەڕای ڕێککەوتنی لایەنەکان، بەڵام هەوڵە دیپلۆماسییەکان نەیانتوانی چارەسەری بنەڕەتی بارگژییەکان بن، ئەویش بەهۆی نەبوونی متمانە، بەرژەوەندی دژبەیەك، ناهاوسەنگی هێزی ئابووری و سەربازی لایەنەکان، هەروەها دەستێوەردان و هەوڵە دەرەکییەکان. بەشێك لە شکستی ڕێککەوتننامەکانی مینسك دەگەڕێتەوە بۆ تۆمەتبارکردنی یەکتر بە پێشێلکردن و خۆدزینەوەی لایەنەکان لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕیککەوتننامەکە. لەلایەکیتر، بەهێزبوونی ئۆکراین بەهۆی یارمەتییە فراوانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕانی هاوکێشەی هێز و پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکان.

بێگۆمان، هاریکارییەکانی ڕۆژئاوا، پێگەی سەربازی ئۆکراینی بەهێزکرد. دواتر، کیێڤ هەوڵیدا چارەسەری کێشەکانی هەرێمی دۆنباس بکات بە ڕێگەی ئامرازی زۆرلێکردن. ئەگەرچی زیلینسکی دوای هەڵبژێردرانی بە سەرۆك هەوڵیدا بە گفتۆگۆ و دانوستاندن گرفتەکان کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام بەرهەڵستی و فشارە ناوخۆییەکان شکستیان بە پرۆژەکەی هێنا. ژینگەی نائارامی هەرێمی دۆنباس، کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد. لەو نێوەندەدا، ڕوسیا هێزی سەربازی لە سنوور کۆکردەوە، لە بەرامبەردا ئۆکراین هەوڵەکانی بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆ چڕتر کرد. لە سەروبەندی ئاڵۆزییەکان ناتۆ پرۆسەی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی لە نزیك سنوورەکانی ڕوسیا ڕێکخست و ئۆکراین سوپای لە هێڵی جیاکەرەوەی ناکۆکییەکان کۆکردەوە. لە دەرئەنجامدا، ڕوسیا لە شووباتی 2022 ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەتی ڕاگەیاند و پەلاماری ئۆکراینی دا. (Forsberg and Patomäki, 2023, 47)

سەرەڕای پەربابوونی جەنگ، چەندین دانیشتن لە نێوان بەرپرسانی فەرمی هەردوو دەوڵەت بۆ کۆتایهێنان بە ناکۆکییەکان و بە نێوەندگیری و بەشداری دەوڵەتانیتر ئەنجام دراون، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرەڕای فشار و سزا ئابووری و سیاسییەکانی سەر ڕوسیا، نەتوانراوە چارەسەرییەکی ئاشتییانە بدۆزرێتەوە کە لایەنەکان کۆك بن لەسەری.

یەکێك لەو ڕێککەوتننامە گرنگانەی کە لە 22 تەمووزی 2022 واژۆکرا دەستپێشخەری دانەوێڵەی دەریای ڕەش (Black Sea Grain Initiative) بوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە لەلایەن ڕوسیا، ئۆکراین، تورکیا و نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆکرا، ئەویش پاش دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی جیهانی خۆراك. ئۆکراین، ساڵانە 45 میلیۆن تۆن دانەوێڵە هەناردەی بازاڕی جیهانی دەکات، دوای دەستپێکردنی جەنگ، گرفتی ناردنە دەرەوە لە ڕێگەی دەریای ڕەش هاتە ئاراوە و قەیرانی خۆراك ڕووبەڕووی جیهان بوویەوە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، دەرفەت بە ئۆکراین درا بە هەناردەکردنی دانەوێڵە و بەرهەمە خۆراکییەکان لە ڕێگەی ڕێڕەوێکی مرۆیی دەریایی لە هەرسێ بەندەری چۆرنۆمۆرسك (Chornomorsk)، ئۆدیسا (Odesa) و یوژنی/ پیڤدینی (Yuzhny/Pivdennyi).(United Nation 2, 2022)

ئەگەرچی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بەردەوامن، بەڵام بەهێزبوونەوەی سوپای ئۆکراین و دەستبەسەرداگرتنەوەی بەشێك لەو خاکەی لە دەستی دابوون، هەروەها قوڵبوونەوەی پێکدادانە چەکدارییەکان، هاوکات قورسی ئەو مەرجانەی ڕوسیا دەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر ئۆکراین، ئاسۆی چارەسەری دیپلۆماسی و کۆتایهێنان بە جەنگی کەمکردۆتەوە.

**5.2. ئامرازی سەربازی**

بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014 ئەویش کاتێك هێزە سەربازییەکانی ڕوسیا بۆ پاڵپشتیکردنی دەنگی ناڕازی دانیشتوانی کریمیا دژ بە پایتەخت هاتنە سەر شەقام و کۆنترۆڵی کریمیایان کرد. ڕوسیا، تەنیا بە جیاکردنەوەی کریمیا نەوەستا، بەڵکو لە ڕێگەی پاڵپشتیکردن و زیاتر هاندانی سلاڤەکانی هەرێمی دۆنباس هەوڵی لاوازکردنی ئۆکراینیدا. شەڕی چەکداری کۆمارە دانپێنەنراوەکانی دۆنباس لە ماوەی هەشت ساڵ 2014-2022، چواردە هەزار کوژاوی لێکەوتەوە. لە ئێستادا، هەرێمی دۆنباس چەقی ململانێ و بەرکەوتنە چەکدارییەکانی هەردوو وڵاتە و ڕوسیا بەشێوەیەکی تاك لایەنە بە خاکی خۆیەوە گرێیداوە. (Hill and Stent, 2022, 109)

پوتین لە دوای لکاندنی کریمیا، بە مەبەستی لاوازکردنی ئۆکراین، بەردەوام بوو لە یارمەتیدانی گروپە جوداخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بە ڕێی پێدانی چەك و ڕاوێژی سەربازی یان پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی. هەروەها، سوپای وڵاتەکەی لەسەر سنوورەکانی ئۆکراین کۆکردەوە، ئەویش وەك هەڕەشەیەك بۆ داگیرکاری لە ئەگەری سەرکوتکردنی جوداخوازانی دونیتسك و لوهانسك. (Mearsheimer, 2014, 81)

پێش دەستپێکردنی جەنگ، ڕوسیا چەندین داواکاری تایبەتی ئاراستەی بەرپرسانی باڵای کیێڤ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی کرد سەبارەت بە گەرەنتی پێدانی بە ئەندامنەبوونی ئۆکراین لە ناتۆ، بەڵام خواستەکانی کریملین بە هەند وەرنەگیران. کۆکردنەوەی سەرباز لەسەر سنوورەکانی ئۆکراین وەك فشاری ڕوسیا لە قەڵەمدەدرا بۆ ڕازیبوونی کیێڤ بە داواکارییەکانی مۆسکۆ، بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتایەك بوو بۆ دەستپێکی جەنگێك کە ئەوروپا یەکەمجارە لە دوای ساڵی 1945 بەو ئاستە ڕووبەڕووی ببێتەوە.

ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی ڕوسیا، پوتینی خستەبەردەم دوو بژاردەی سەخت، ئەویش پاشەکشەی بێئەنجام یان دەستپێکردنی جەنگ بۆ بردنە ژێرباری ئۆکراین بە مەرجە سیاسی و ئاسایشییەکانی. پاشەکشە بە مانای زەلیلبوون و ناکارایی ڕوسیا دەهات لە خولگەی بازنەی هەژموونی. بۆیە، لە 24 شوباتی 2022، پوتین بڕیاری ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا دژ بە ئۆکرای. (Forsberg and Patomäki, 2023, 56) ئەو بڕیارەش دوای داواکاری هاریکاری سەربازی لەلایەن بزوتنەوەی جوداخوازی هەرێمی دۆنباس هات کە وەك بانگەشەیان بۆ دەکرد ڕووبەڕووی دەستدرێژی سوپای ئۆکراین و گروپە چەکدارییەکانی سەر بە حکومەتی کیێڤ بوونەتەوە. (Osborn and Nikolskaya, 2022)

لە وتاری ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا، پوتین ئاماژەی بەوە کرد "هەشت ساڵی تەواوە ئێمە هەوڵدەدەین بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە بە ڕێگەی سیاسی ئاشتییانە، بەڵام هەموو شتێك بێهودە بوو". پوتین جەختی لەسەر ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی ڕووسنەژادەکانی هەردوو کۆماری لوهانسك و دونیتسك کردەوە، بەهۆی ئەوەی هیوای ڕزگاریی و سەربەخۆییان لەسەر ڕوسیا هەڵچنیووە. (Putin 4, 2022)

ئامانجەکانی پوتین تەنیا دەستێوەردانێکی سەربازی سنوردار نەبوو. وەك پوتین لە وتارەکەی ئاماژەی پێکرد، مەبەستی کریملین چەکداماڵین و سڕینەوەی نیۆنازییەکانە، ئەوەش بە مانای لێوەرگرتنی توانای بەرگری کییڤ و خستنەژێر هەژموونی ڕوسیایە، واتە پێشێلکردن و لەدەستدانی سەربەخۆیی و سەروەرییەتی وەك دەوڵەت، بۆیە، هێرشە ئاسمانی و زەمینەکانی ڕوسیا تەنیا ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەی نەگرتەوە، بەڵکو لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی جەنگ، پایتەخت و بەشی ڕۆژئاوای ئۆکراین ڕووبەڕووی هێرشە موشەکیەکان بوونەوە. (Fisher, 2022)

بیرکردنەوەی ئەمنی کریملین بەو شێوەیە بوو کە دەکرێت لە ماوەیەکی کەمدا و بەبێ خوێنڕشتن، بە یارمەتی بزوتنەوەی جوداخوازی هەرێمی دۆنباس دەستبەسەر پایتەخت (کییڤ) بگرن و حکومەتی ئۆکراین ناچار بکەن بە خۆڕادەستکردن و کۆتایی قەیرانەکە بە بەرژەوەندی ڕوسیا و گەڕانەوەی ئۆکراین بۆ نێو بازنەی هاوپەیمانەکانی کریملین کۆتایی پێبێت، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان، بەهۆی بەرەنگاری زیلینسکی و هاوڵاتیانی ئۆکراین دەرئەنجامێکی جیاوازتری لێکەوتەوە. (Gumede, 2022, 6) لە ئێستادا، جەنگ بەرتەسك بووەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ڕووباری دینیپەر، بەڵام چۆنیەتی و کاتی تەواوبوونی بەریەککەوتنەکان دیار نین. لە ڕاستیدا، جەنگ تەنیا لە نێوان سوپای ڕوسیا و ئۆکراین ڕوونادات، بەڵکو چەندین دەوڵەتیتر لە ڕێگەی یارمەتیدانی سەربازی لە ئاڵۆزییەکان تێوەگلاون، ئەوەش وایکردووە ڕووداوەکان ڕەهەندێکی جیهانی وەربگرێت و لێکەوتەکانی سنووری ئۆکراین تێپەڕێنێت.

### 5.3. دابەشکردن و دەستبەسەرداگرتنی خاك

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، کریملین لە ساڵی 2014 بەشێوەیەکی فەرمی نیمچە دوورگەی کریمیای وەك کۆمار و بەشێك لە خاکی ڕوسیا ناساند، ئەوەش دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت وەك یەکەمین هەوڵی ڕوسیا بۆ فروانکردنی خاك و درێژکردنەوەی سنوورەکانی دەناسێنرێت. هەڵبەت، ڕووداوەکان لێرەدا کۆتاییان پێ نەهات، بەڵکو پرسی هەرێمی دۆنباس و هاریکاری گروپە جوداخوازەکان لەلایەك، ڕێگەکانی چارەسەرکردنی ململانێ و ئاڵۆزییەکان لەلایەکیتر، جێگەی مشتومڕ و ناکۆکی لایەنە بەشداربووەکانی گفتوگۆی قەیرانی ئۆکراین بوو. لەپاڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازی و گرتنەبەری ڕێکاری دیپلۆماسی بۆ کۆتایهێنان بە قەیرانەکان، دابەشکردن و لێکردنەوە و گرێدانی خاکی ئۆکراین بە ڕوسیا، بە یەکێك لە ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لەلایەن کریملین ـەوە هەژمار دەکرێن.

سێ ڕۆژ پێش دەستپێکردنی جەنگ و لە 21 ـی شوباتی 2022، پوتین بەشێوەیەکی فەرمی دانی بە کۆماری گەلی دونیتسك و لوهانسك ( Donetsk People's Republic and Luhansk People's Republic) نا و واژۆی پەیماننامەی هاریکاری نێوان ڕوسیا و کۆمارە دانپێدانراوەکانی بە ئامادەبوونی سەرۆکی دونیتسك دینیس پوشلین (Denis Pushilin) و لوهانسك لیۆنید پاسچنیك (Leonid Pasechnik)، کرد. (Putin 5, 2022)

دواتر، بەشێکی بەرینی خاکی ئۆکراینی لکاند بە خۆیەوە. هەڵبەت، پێش گرێدانی چوار هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بە ڕوسیا. لە ماوەی نێوان 23-27 ـی سێپتەمبەری 2022 لە دونیتسك، لوهانسك، زاپۆریژیا و خێرسۆن بۆ وەرگرتنی ڕای گەل بە مەبەستی بوون بە بەشێك لە دەوڵەتی ڕوسیا، ڕیفراندۆم بەرێوەچوو. بەپێی زانیاری بەرپرسانی هەرێمەکان دونیتسك 99.2% لوهانسك 98.4% زاپۆریژیا 93.1% و خێرسۆن 87% دەنگیان بە بەڵی بۆ پەیوەندیکردن بە ڕوسیا دابوو. بەپێی ئەو داتایانەش 94.4% دانیشتوانی ئەو هەرێمانە بە بەڵی دەنگیان بە سوودی ڕوسیا داوە. (Trevelyan, 2022)

ئەگەر تێبینی فۆرمی دەنگدان بکرێت، ئەو پرسیارەی لە گەل کراوە ناوەڕۆکەکانیان جیاوازە. لە هەردوو کۆماری گەلی دونیستك و لوهانسك ئەو پرسیارە کراوە "ئایا ڕەزامەندی بە بوون بە بەشێك لە ڕوسیا؟"، بەڵام لە ناوچەی زاپۆریژیا و خێرسۆن دەنگدان بە پرسیارێکی جیاوازتر کراوە کە "ئایا ڕەزامەندی بە دەرچوون لە ئۆکراین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بوون بە بەشێك لە ڕوسیا؟" وڵامەکانیش بە بەڵی و نەخێر بوون. ( chegodaeva & Imago website, 2022)

دوو ڕۆژ دوای تەواوبوونی ڕیفراندۆم، لە 29 سێپتەمبەر پوتین دانینا بە سەروەری و سەربەخۆیی هەردوو هەرێمی زاپۆریژیا و خێرسۆن. (Kremlin, 2022) دواتر، لە 30 سێپتەمبەری 2022 پوتین پەیماننامەی گرێدانی هەردوو کۆماری دونیتسك و لوهانسك لەگەڵ ناوچەی زاپۆریژیا و خێرسۆنی بە خاکی ڕوسیا واژۆکرد، ئەویش دوای ئەنجامدانی

**ڕیفراندۆم و وەرگرتنی ڕای گەل لەو ناوچانەدا. پوتین جەختی لە پرەنسیپی چارەی خۆنووسین وەك مافێكی سروشتی گەلان كردەوە كە لە جاڕنامەی نەتەوە یەكگرتووەكانیشدا هاتووە. ئەو، ئاماژەی بە مێژووی هاوبەشی سەدان ساڵەی ڕوسیا و دانیشتوانی ئەو هەرێمانە كرد، كە دوای دامەزراندنی یەكێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی، لە خاكی ڕەسەنیان دابڕێنراون. پوتین، ئەوەی ڕوونكردەوە كە خەڵكی ئەو ناوچانە لە ئێستاوە و بۆ هەمیشە بوونەوە بە هاوڵاتی ئێمە. لێرەوە، سەرەڕای ڕەخنەی توند لە سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و سیستەمی تاكجەمسەری، پوتین داوای كۆتاییهاتنی كێشەكانی لە ڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵ كییڤ كرد بەبێ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم خاكە نوێیانەی ڕوسیا بكرێت. (Putin 6, 2022)**

**دوابەدوای وتارەكەی پوتین، سەرۆكی ئۆكراین (زیلینیسكی) ڕایگەیاند وڵاتەكەی هیچ دانوستانێك بۆ كۆتایهێنان بە جەنگ و بەرقەراركردنی ئاشتی لەگەڵ ڕوسیا ناكات تا ئەو كاتەی پوتین لە دەستەڵاتدا بێت، هەروەها بەردەوامی بە شەڕ دەدات تا خاكە داگیركراوەكانی بەدەست دەهێنێتەوە. دواتر، وەك كاردانەوەیەكی توند، زیلنیسكی بە فەرمی داوای ئەندامێتی خێرای ئۆكراین ـی لە هاوپەیمانی ناتۆ كرد. (Sauer and Harding, 2022 )**

**دوای لكاندنی ئەو ناوچانە بە ڕوسیا كە 15% خاكی ئۆكراین پێكدەهێنن لە ڕووبەری 40.000 میل چوارگۆشە، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەنتۆنیۆ گوتیریس (António Manuel de Oliveira Guterres) ئاماژەی بە نایاساییوونی پرۆسەكە كرد. لەلایەكیترەوە، سكرتێری گشتی ناتۆ یێنس ستۆڵتنبێرگ (Jens Stoltenberg) بە جدیترین پەرەسەندن لە گرژییەكان وەسفی كرد، لەگەڵ ئەوەشدا وەزیرانی دەرەوەی گروپی حەوت (G7) ئەو كردەیەی ڕوسیایان بە پێشێلكردنی یاسا نێودەوڵەتییەكان لە قەڵەمدا. لەو نێوەندەشدا، ئەمریكا گەڕێكی نوێی سزایی بەسەر ڕوسیادا سەپاند و بەریتانیا هەناردەكردنی 700 كاڵای گرنگی بۆ ڕوسیا قەدەغەكرد. سەرۆكی كۆمیسیۆنی ئەوروپاش (ئۆرسولا ڤۆن دێر لاین) جەختی لە ئۆكراینی بوونی ئەو چوار هەرێمە كردەوە. (Sauer and Harding, 2022 )**

**هەڵبەت ڕوسیا بەبێ گوێدانە سەرزەنشتكردنی وڵاتان و یەكێتییە ڕۆژئاواییەكان دەیەوێت بەرگری لەو ناوچانە بكات كە وەك خاكی نوێی خۆی ڕایگەیاندوون، هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان وەك ئامرازێكی سیاسی و دیپلۆماسی گرنگ دەبینێت بۆ بەرگریكردن لە دەستێوەردانەكانی و لكاندنی خاكی ئۆكراین بە خۆیەوە، ئەویش بە بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ بۆ هەر بڕیارێك كە سەركۆنەی هەوڵە فراوانخوازییەكانی بكات، لەوانە بڕیاری (S/2014/189). (Marples, 2022, 38)**

**دەرئەنجام**

**پەیوەندییەكانی نێوان ڕوسیا و ئۆكراین لە دوای هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت بە چەند قوناغێكدا ڕۆشتووە. هاریكاری و ناكۆكی دوو تایبەتمەندی سەرەكی سروشتی پەیوەندییەكانیان بووە. گرژییەكان لەسەر نیمچە دوورگەی كریمیا، خاوەندارێتی كڵاوە ئەتۆمییەكانی سۆڤیەت لەسەر خاكی ئۆكراین و كەشتییە جەنگییەكانی دەریای ڕەش بە دەستپێكی ناكۆكییەكان، هەروەها ویستی ئەندامێتی ئۆكراین لە هاوپەیمانی باكوور ی ئەتڵەسی (NATO) وەك مەترسییەكی بوونیادی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕوسیا، بە تروپكی ململانێكان و هۆكاری سەرەكی جەنگی ئۆكراین لە قەڵەمر دەدرێت. كۆمەڵێك فاكتەری وەك نەتەوەیی، شووناس، مێژوویی، سیاسی، ئەمنی و ئابووری پاڵنەری ڕوسیا بوون بۆ دەستێوەردان لە گرژییە ناوخۆییەكانی ئۆكراین و هەوڵەكانی بۆ هێشتنەوەی لە بازنەی هەژموونی هەرێمییدا. لە بەڕێوەبردنی قەیرانی ئۆكراین ڕوسیا بە ڕێگەی دیپلۆماسی، پاڵپشتی هێزە جوداخوازەكان، بەكارهێنانی هێزی سەربازی و لێكردنەوەی خاكی ئۆكراین و لكانی بە ڕوسیا هەوڵی جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرەوە و بەدیهێنانی ئامانجەكانی داوە، كە لە ڕاستیدا بەشێوەیەكی ڕێژەیی**

**لە هەندێك ئامانجیدا سەركەوتوو بووە وەك پاراستنی ڕوسنەژادەكانی دۆنباس، بەڵام لە چەكداماڵین و گۆڕینی ڕژێمی كیێڤ شكستی هێناوە، هەروەها جەنگ هۆكارێك بووە بۆ فراوانبوون و بەهێزتربوونی ناتۆ لە كیشوەری ئەوروپا.**

**لیستی سەرچاوەكان**

**سەرچاوە كوردییەكان**


1. **تیم مارشاڵ، زیندانییەكانی جوگرافیا، و: د. شێركۆ عەبدوڵا، چاپخانەی شڤان، 2017.**
2. **د. كامەران مەنتك، كوردستان لە گۆڕانكارییەكانی سیستەمی جیهانیدا: لە ئۆكرانیاوە بۆ كوردستان، كورد و گرێكوێرەی گەیشتن بە دەریا، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، 2022.**
3. **ڕۆبەرت دی كاپڵان، تۆڵەی جوگرافیا، و: ڕەزوان حەسەن، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2023.**
4. **موعتەسەم نەجمەدین، ڕوسیا: گەڕانەوە بۆ لوتكە، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، 2014.**
5. **هیلاری كلینتۆن، بژاردە قورسەكان، و. شاناز ڕەمزی، دەزگای ئایدیا، ، سلێمانی، 2019.**
6. **ئایسا ئارام، "ئۆراسیا" بەریەكەوتنی شارستانیتیەكان بە شێوازی ڕوسی، ئایدیا دیبلۆماتیك، ژمارە (14-15)، 2014.**


**سەرچاوە ئینگلیزییەكان**


1. Duncan Allan, The Minsk Conundrum:Western Policy and Russia’s War in Eastern Ukraine, Chatham House, London, 2020.
2. Lauren Chadwick, How do you join NATO and how close is Ukraine to becoming a member?, 2022, https://rb.gy/c69sn.
3. Sofia Chegodaeva, Majority of Donbass, Kherson & Zaporozhye Residents in Favor of Their Regions Joining Russia – Poll, 2022, https://rb.gy/cq8q2. & Imago website, Russia Joining Rerefendum Regions, https://rb.gy/u5ppo.
4. Paul D’Anieri, Ukraine and Russia from Civilized Divorce to Uncivil War, Cambridge University press, United Kingdom, 2019.
5. Alexander Dugin 1, Military Operation in Ukraine: Geopolitical Analysis, 11.03.2022, https://rb.gy/peez2.
6. Alexander Dugin 2, The Geopolitical Background of The Conflict in Ukraine, 06.03.2022, https://rb.gy/7enbs.
7. Europe Word, Causes of The Russia and Ukraine War, 2022, https://rb.gy/hdy06.
8. Max Fisher, Putin’s Case for War Annotated, 24 Feb 2022, https://rb.gy/1185r.
9. Tuomas Forsberg and Heikki Patomäki, Debating the War in Ukraine Counterfactual Histories and Future Possibilities, Routledge, New York, 2023.
10. Bartosz Gierczak, The Russo-Ukrainian Conflict, Manhattan College, 2020.
11. William Gumede, the Russia – Ukraine war: impact on South Africa, fellow BRICS members and Africa, Inclusive society institute, South Africa, 2022.
12. Fiona Hill and Angela Stent, the World Putin Wants: How Distortions About the Past Feed Delusions About the Future, foreign affairs, Volume 101, 2022.
13. kremlin website, Executive Order On Recognition of Zaporozhye and Kherson Regions, 2022, https://rb.gy/t1n2a. & https://rb.gy/9ilnu.
14. David R. Marples, The war in Ukraine’s Donbas: origins, contexts, and the future, Central European University Press, Budapest, Hungary, 2022.

15. John J. Mearsheimer, Why the Ukraine Crisis Is the West's Fault: The Liberal Delusions That Provoked Putin." Foreign Affairs 93, no. 5, 2014.
16. Minsk 2 agreement, 2015, https://rb.gy/gf7gb.
17. Minsk protocol, 2014, https://rb.gy/kcvge.
18. Valentin Naumescu, Great powers' foreign policy: approaching the global competition and the Russian war against the West, Publisher Brill, Boston, 2022.
19. Joseph S. Nye, Jr, What Caused the Ukraine War?, 4 Oct 2022, https://rb.gy/mj6py.
20. Andrew Osborn and Polina Nikolskaya, Russia's Putin authorises 'special military operation' against Ukraine, 24 February 2022, https://rb.gy/tini9.
21. Vladimir Putin 1, the Historical Unity of Russians and Ukrainians, 12 July 2021, https://rb.gy/1je2o.
22. Vladimir Putin 2, Address by President of the Russian Federation, 18 March 2014, https://rb.gy/ghbgo.
23. Vladimir Putin 3, Agreement on the accession of the Republic of Crimea to the Russian Federation signed, 18 March 2014, https://rb.gy/1gbbd.
24. Vladimir Putin 4, Address by the president of Russian federation: Announcing a "special military operation" in Ukraine, kremlin official site, 24 Feb 2022, https://rb.gy/ahgxt.
25. Vladimir Putin 5, Signing of documents recognising Donetsk and Lugansk People's Republics, kremlin official site, 21 Feb 2022, https://rb.gy/f4vz6.
26. Vladimir Putin 6, Signing of treaties on accession of Donetsk and Lugansk people's republics and Zaporozhye and Kherson regions to Russia, kremlin official site, 30 Sep 2022, https://rb.gy/8913b.
**27.** Pjotr Sauer and Luke Harding, Putin annexes four regions of Ukraine in major escalation of Russia's war, 30 Sep 2022, https://rb.gy/k54mm.
28. Alexander Sergunin, Explaining Russian Foreign Policy Behavior: Theory and Practice, ibidem Press, 2016.
29. Dharmendra Kumar Shahi, War in Ukraine: A Geopolitical Analysis, International Journal of Research in Social Science, Vol. 12 Issue 06, June 2022.
30. Dale B. Stewart, the Russian-Ukrainian Friendship Treaty and The Search For Regional Stability in Eastern Europe, Thesis, Naval Postgraduate School, Monterey, California, 1997.
**31.** Mark Trevelyan, Moscow's proxies in occupied Ukraine regions report big votes to join Russia, 2022, https://rb.gy/ds8je.
32. United Nations 1, Document of "Treaty on Friendship, Cooperation and Partnership between Ukraine and the Russian Federation", Articles 2 and 3, 2014.
**33.** United Nations 2, The Black Sea Grain Initiative: What it is, and why it's important for the world, 16 September, 2022, https://rb.gy/4yt04.
34. Elizabeth a. Wood, & william e. Pomeranz and others, roots of Russia's war in ukraine, columbia university press, New York, 2015.
35. world population review, Ukraine Population, 2023, https://rb.gy/czof5.
**36.** Worldometer, Ukraine Population, 2023, https://rb.gy/voztj.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

**1. احمد امين & هبة رفعت و اخرون، الأزمة الأوكرانية وتداعياتها على مستقبل النسق الدولي، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية، المانيا، 2022.**

2. دلال محمود، الأزمة الاوكرانية :الأهداف الحقيقية لروسيا والولايات المتحدة، المركز المصري للفكر و الدراسات الاستراتيجية، 2022.
3. عصام عبد الشافي، الحرب الروسية-الأوكرانية ومستقبل النظام الدولي، مركز الجزيرة للدراسات، 2022.
4. كامران مجيد حسين، رجل الدولة و دوره فى ادارة الازمات الدولية: دراسة مقارنة بين الرئيس الامريكي باراك ئوباما و الرئيس الروسي فلاديمير بوتين، أطروحة الدكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2021.
5. احمد سيد، اوكرانيا: بؤرة توتر تاريخية بين موسكو و الغرب، المركز المصري للفكر و الدراسات الاستراتيجية، 2022.

سەرچاوە فارسییەکان

1. احسان فلاحی و اسداله عامری، ریشه‌های بحران اوکراین و تاثیر ان بر منافع ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مطالعات روابط بین الملل، سال (9). شماره (34)، 1395.
2. اكبر ولى زاده & سيمين شيرازي موگويى و ديگر، تأثير بحران سال 2014 اوكراين بر روابط روسيه و ايالات متحده، مطالعات اوراسياي مركزى، دوره 8، شماره 1، 1394.
3. د. الهه كولائى، افسانه انقلاب هاى رنگى، نشر ميزان، تهران، 1391.
4. عسگر صفرى و سعيد وثوقى، ژئوپليتيك اوكراين و نقش ان در رقابت روسيه و ايالات متحده امريكا، فصلنامه تحقيقات سياسى بين المللى، شماره 26، 1395.
5. على على حسينى و حسن ائينه وند، تجزيه و تحليل تاثير انديشه نئواوراسياگرايى بر سياست خارجى روسيه در بحران اوكراين 2014، فصلنامه اسياى مركزى و قفقاز، شماره 92، 1394.
6. فاطمه عطرى، تحولات اوكراين و چشم انداز اينده، مركز پژوهش مجلس شوراى اسلامى، شماره مسلسل 13495، 1392.
7. مسلم كرم زادى و فهميه خوانسار فرد، بررسى روابط اوكراين و روسيه: ريشه يابى زمينه هاى بحران 2014، فصلنامه اسياى مركزى و قفقاز، شماره 86، 1393.
8. مهدى شاپورى، بحران اوكراين: زمينه‌ها، بازيگران و پيامدها، ناشر: پژوهشكده مطالعات راهبردى، تهران، 1393.
9. هادى اعظمى & محمد نظرى و ديگر، رقابت ژئوپليتيک روسيه و آمريكا در اوكراين 2004-2017، پژوهشنامه ايرانى سياست بين الملل، سال 6، شماره 2، 1397.
10. سام ويليامز و جان كوفاس، ايا روسيه امپرياليست است؟، ت: داوود جليلى، نشر گل اذين، تهران، 1397.
11. عباسعلى زنده بودى & شهروز ابراهيمى و ديگر، روابط غرب - روسيه در سايه تحولات اوكراين 2014، فصلنامه مطالعات روابط بين الملل، سال دهم، شماره 39، 1396.
12. ولاديمير تيسمانانو و كيت سى لانگدن، دموكراسى پوتين، ت: سودابه قيصرى، نشر كتاب پارسه، چاپ دوم، تهران، 1401.

## التوترات الروسية - الاوكرانية وتحولها الى حرب: الارضية ، الأسباب والنتائج



| | |
|---|---|
| أ. د. صالح عمر عيسى | م.م. محمد احمد مجيد |
| جامعة صلاح الدين -اربيل \ كلية العلوم السياسية | جامعة صلاح الدين -اربيل \ كلية العلوم السياسية |
| salih.issa@su.edu.krd | Mohammed.majeed1@su.edu.krd |




### ملخص

هذا البحث يهدف لدراسة الحرب الاوكرانية كأحد ابرز الاحداث في القرن الحادي والعشرين واكثرها تاثيرا والتي حدثت في شرق اوروبا. يبدو ان حماية السكان من أصل روسي في اقليم دونباس ونزع سلاح اوكرانيا وأجتثاث النازية في نظام كييف من ابرز اهداف العملية العسكرية الخاصة الروسية التي اعلنت في 24 شباط عام 2022 والتي كان من المتوقع ان تنتهي في فترة زمنية قصيرة ولكن الحرب الاوكرانية اتخذت بعدا دوليا في الوقت الحالي وقسم العالم الى دول صديقة و معادية وأخرى حيادية والتي جعل من اي اتفاق او انهاء للحرب مسالة في غاية الصعوبة. وفي أطار هذا البحث نسعى ان نتناول بالدراسة العلاقات التاريخية بين روسيا واوكرانيا بالأضافة الى تدهور العلاقات وتحول الازمات الى حرب مباشرة .



**الكلمات المفتاحية:**

حرب أوكرانيا ، روسيا ، فلاديمير بوتين ، الناتو ، القرم ، دونباس.


## Russia-Ukraine Tensions and the Turn to War: Background, Causes, and Consequences



| | |
|---|---|
| Prof. Salih Omar Issa | Asst. Lecturer. Mohammed Ahmed Majeed |
| Collage of Political Sciences/ Salahaddin University-Erbil | Collage of Political Sciences/ Salahaddin University-Erbil |
| salih.issa@su.edu.krd | Mohammed.majeed1@su.edu.krd |




### Abstract

This research investigates the Ukrainian war as the most significant and effective event of the twenty-first century in Eastern Europe. However ،the protection of the Russians in the Donbass region ،disarmament of the Ukrainian, and the denazification of the Kiev regime were among the most prominent targets of the Russian special military operation announced on February 24, 2022. The war was expected to be launched in a short period of time, but it has taken an international dimension and divided the world into friendly ،hostile and neutral states. This issue has complicated the situation, making it difficult to reach a deal. This study explores issues such as; the historical relationship between Russia and Ukraine, their tensions, and the transition of crises into war.



**Keywords.**

**Ukraine war, Russia, Vladimir Putin, NATO, Crimea, Donbas**